# دەستوور و ئاییندەی کوردستان



خالید ساڵح

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**دەستووری کوردستان واتە دابینکردنی ئاییندەی کوردستان. دەنگدان بەدەستووری کوردستان واتە دەنگدان بۆ دابینکردنی ئاییندەی کوردستان. ڕێکەوتن لەسەر میکانیزمی دەنگدان بڕیاری لەسەر درابوو لە پەرلەمان. بەڵام ئەگەر لایەنێکی سیاسی بیەوێت بەو میکانیزمەدا بچێتەوە دەبێت دەنگدان لەسەر دەستوور نەکرێتە پەردەیەك بۆ داپۆشینی گەمەی دەسەڵات. ڕێزگرتن لە بڕیاری پەرلەمان واتا ڕێزگرتن لە بنەمای گەمەی دیموکراسی لە چوارچێوەی سیستەمی پەرلەمانتاریدا.**

لە دە پانزە ساڵی ڕابردوودا ڕەوشی کوردستان گۆڕانکارییەکی سەرەکی بەسەردا تێپەڕیوە. گەشەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لایەنی هەرە ئاشکرای ئەو گۆڕانکارییەن کە لەسەر بنەمای تەبایی سیاسی و ستراتیژی هاوبەش داڕێژراوە.

### ئاسایشی کوردستان بەردی بناخەی ئەو سەقامگیرییە سیاسیەیە

لە دەستووری ئێراقدا هەرێمی کوردستان دانی پێدانراوە. هەرێمی کوردستان، بە پەرلەمان و حکوومەت و سەرۆکایەتی و دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتییەوە، پێکهاتەیەکی سەربەخۆیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی ئێراقدا. ئەو پێکهاتەیە پێویستی بە دەستوورێکی خۆی هەیە لە چوارچێوەی دەستووری ئێراقدا.

وەك بەشێك لە سیاسەتی هێزە سیاسییەکان، پرۆسەی دەستووری کوردستان ئاڵۆزی خۆی هەیە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەرزی و نشێوی هیوای گەیشتن بە تەبایی لەسەر دۆزی دەستوور گەلێك کەسی نا ئومێد کردووە.

ئێستا وا پێدەچێت هێزە سیاسییەکانی کوردستان خۆیان بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تایبەت بەرن لەسەر میکانیزمی پەسەندکردنی دەستوور لە ڕێی دەنگدانی گشتییەوە.

پرسیاری یەکەم لەم بوارەدا ئەوەیە ئایا ناکۆکی هەیە لەسەر ئەم میکانیزم و پرۆسەیە. ئەگەر وەڵام بەڵێ بێت ئەم ناکۆکییە چ جۆرێکە. پرسیاری دووەم ئەوەیە چارەسەر چییە؟.

## سێ جۆر ناكۆكی هەیە

جۆری یەكەم لە ئەنجامی هەڵە، رووداو، لێك تێنەگەیشتن، جۆرێك درك پێكردنی تایبەت و ترسەوە گەشە دەكات.

ئەم جۆرە ناكۆكیانە لە رێی روونكردنەوە، داننان بە هەڵە، پەسەندكردنی ئەو راستییەی كە دركی كەسی بەرامبەر جیاوازە لەوەی من، داوای لێبووردن كردن و پاداشتی تایبەتەوە چارەسەر دەكرێن.

جۆری دووەم لە ئەنجامی ناكۆكی راستەقینەیە لەسەر بەرژەوەندی. دوو لای ناكۆكیدار ناتوانن بەرژەوەندی خۆیان لەهەمانكاتدا بپارێزن.

ئەم جۆرە ناكۆكیانە لە رێی بیركردنەوە لە دیزانی تایبەتەوە دەبێت بۆ دۆزینەوەی رێگەچارە لە دەرەوەی بیركردنەوەی زاڵدا. لەم بوارەدا، هاوكاری، سازش و گۆڕانكاری لە چۆنێتی نرخاندنی پرسە سەرەكیەكانی ژیان و پرۆسەی سیاسی.

جۆری سێیەم لە ئەنجامی بنەمای گەمەی دەسەڵات، دوژمنایەتی، شەڕفرۆشی و دەمارگیریی گەشە دەكات.

ئەم جۆرە ناكۆكییانە كاتێك چارەسەر دەبن كە هۆكاری ناكۆكییەكان ئاشكرا بكرێن؛ شێوازێكی تایبەت بۆ پێكەوەژیان بدۆزرێتەوە؛ رێگرتن لەبەرزبوونەوەی ئاستی ناكۆكی؛ هەروەها لایەنی ناكۆكیدار سنوور و هێڵی خۆكێشانەوە پەسەند دەكەن.

ئەگەر بەشێوەی سەرپێی بڕوانینە هەڵوێستی لایەنە سیاسییەكانی كوردستان دەربارەی دەستوور و میكانیزمی چۆنێتی مامەڵەكردن لەگەڵ پرۆسەی دەنگداندا، بۆچوونێك دروست دەبێت كە ئەم ناكۆكییەی پەیدا بووە لە جۆری سێیەمە. بەشی هەرەزۆری دەنگ و باس و راپۆرتی میدیا حزبیەكان خۆیان تووشی ئەو داوە دەكەن و رێی ئەوە بەخۆیان دەدەن ئەم پرسە چارەنووسسازە نیشتمانییە بخەنە خانەی ناكۆكی لەسەر بنەمای گەمەی دەسەڵات و دوژمنایەتی و دەمارگیرییەوە.

بەڵام ئەگەر وردەكارانە بڕوانینە پرسی دەستوور و میكانیزمی دەنگدان ئەو راستییە ئاشكرا دەبێت كە ناكۆكییەكە پتر لە جۆری یەكەمە. لەم روانگەیەوە مامەڵەكردن لەگەڵ هەر جۆرە لێك تێنەگەیشتن و دركی تایبەت و ترسی لایەنە سیاسییەكان گەلێك ئاسانتر دەبێت. روونكردنەوەیەكی تێروتەسەل، دوور لە گەمەی دەسەڵات و زمانی دوژمنایەتی بڕیاری هاووڵاتی و لایەنە سیاسییەكان گەلێك ئاسانتر دەكات.

روونكردنەوەی هەڵوێست و پەسەندكردنی ئەو راستییەی كە لایەنە سیاسییەكان درك و ترسی جیاوازیان هەیە گفتوگۆی سیاسی و میكانیزمی خۆئامادەكردن بۆ دەنگدان لەسەر دەستوور دەگۆڕێت.

رەشنووسی دەستوور لە پەرلەمانی كوردستان لە كاتێكدا پەسەندكرا كە بەشی هەرە زۆری هێزە سیاسییەكانی كوردستان دەنگیان لەسەردا. لەو قۆناخەدا بیر و بۆچوونی هەرە زۆری هێزە كوردستانییەكان وابوو كە هەرێمی كوردستان پێویستی بە دەستووری خۆی هەیە. دەبێت ئەو دەستوورە دەنگی لەسەر بدرێت. لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩دا هەوڵێك درا ئەو كارە ئەنجام بدرێت، بەڵام لەبەرچەندین هۆكار بڕیارەكە گۆڕدرا.

ئەگەر لایەنێكی سیاسی بیەوێت رەشنووسی دەستوور هەموار بكرێتەوە، لەبەر هەر هۆكارێك بێت، لەبەرژەوەندی كوردستانە كە جۆری ئاخافتن و روونكردنەوە لە ئاستێكی ناكۆكی دیارەوە نەبەنە ئاستێك كە چارەسەركردنی ئاسان نابێت. لەوانەیە لە ماوەیەكی كورتخایەندا هەست بە سەركەوتن بكرێت لە رێی تێكەڵكردنی جۆری ناكۆكییەكان، بەڵام ئەگەر گەمەی سیاسی رەوت و رێچكەی دوور لە واقیعی بگرێت، ئەو چارەسەرانانەی گفتوگۆ و سازشی لەسەر دەكرێت دوور دەبن لە جۆری ناكۆكییەكە.

چارەسەری نەگونجاو بۆ ناكۆكی بەردەست پرۆسەی سازش گومڕا دەكات. لە میانی ئەو پرۆسە نەگونجاوەدا ناكۆكی دیكە سەر هەڵدەدات. سەرهەڵدانی ناكۆكی نوێ زیانی گەورەی دەبێت بۆ پرۆسەی سەقامگیری لە كوردستاندا، بەتایبەتی لە كاتێكدا كە چ عێراق و چ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناخێكی نادیاردا تێدەپەڕن.

دەستووری كوردستان واتە دابینكردنی ئاییندەی كوردستان. دەنگدان بەدەستووری كوردستان واتە دەنگدان بۆ دابینكردنی ئاییندەی كوردستان. رێكەوتن لەسەر میكانیزمی دەنگدان بڕیاری لەسەر درابوو لە پەرلەمان. بەڵام ئەگەر لایەنێكی سیاسی بیەوێت بەو میكانیزمەدا بچێتەوە دەبێت دەنگدان لەسەر دەستوور نەكرێتە پەردەیەك بۆ داپۆشینی گەمەی دەسەڵات. رێزگرتن لە بڕیاری پەرلەمان واتا رێزگرتن لە بنەمای گەمەی دیموكراسی لە چوارچێوەی سیستەمی پەرلەمانتاریدا. گەڕاندنەوەی هەر پرسێك یا بڕیارێكی سیاسی بۆ پەرلەمان پێویستە بە رێكەوتنی سیاسی بێت و دووربێت لە هەڕەشەو گەمەی دەسەڵات. رێزگرتن لە لێكدانەوەی گشت لایەنە سیاسییەكان لەو پرۆسەیەدا گەرەنتی پاراستنی ئاییندەی كوردستان دەبێت.

## له قۆناخی

# بونیادنانی وڵات و کیاندا

## چۆن تەنگژەو ململانێ سیاسییەکان یەکلایی دەکرێنەوە



د. شێرزاد نەجارِ

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی



سیاسەتی ڕەتکردنەوەی ڕەها و سەیرکردنی بەرامبەر بە دوژمن، سیاسەتێکە بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی ناگونجێت، بەداخەوە سیاسەتکردن لە هەرێمی کوردستان، خەریکە بەرەو ئاڕاستەی ڕەتکردنەوەی ڕەها بڕوات، ئەم ئاڕاستەیە مەترسییەکی گەورە لە کۆمەڵگەدا دروست دەکات، لەبەر ئەوەی سیاسەتی ڕەتکردنەوەی ڕەها بەرهەمی بیرکردنەوەی نازیزمە، کاتێك کارل شمیت (١٨٨٨-١٩٨٥) راشکاوانە پێناسەی سیاسەت دەکات و دەڵێت: سیاسەت هونەری جیاکردنەوەیە لە نێوان دۆست و دوژمندا، ئەمەش مانای ئەوەیە بە لۆژیکی نازییزم بوونی دوژمن پێویستە، هەروەك چۆن بوونی دۆستیش پێویستە، کێشەکە لێرەدا ئەوە نییە کە کارل شمیت بیرۆکەی هەبوونی دوژمنێکی سەرسەخت وەك پێویستییەك بۆ سیاسەت و هاندان و جووڵەو جەمسەرگری لە کۆمەڵگەدا پێناسە دەکات، بەڵکو مەبەستی شمیت ئەوەیە کە نیشاندانی بەرامبەر بە دوژمن، گەوهەری کێشەکە دەشارێتەوەو هیچ کەسێك پێچەوانەی ئەوە قسە ناکات.

شمیت وەك بیرمەندێکی نازیزمی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کاتێ بەرامبەر بوو بە دوژمن ئیدی چیتر کەس قسەیەکی جیاواز بەرامبەر دوژمن ناکات، بۆیە ناکرێت ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی بەوجۆرە لە سیاسەت تێبگەین، بەڵکو سیاسەتی دیموکراتیانە ئەوەیە کە بەرامبەر یان ئەویدی (الاخر) ئەوجا بەرامبەر حزبێکی سیاسی بێت، یان نەتەوەیەکی جیاواز یان ئاینێکی جیاواز، یا بیروبۆچوونەکانیشی جیاواز بن، بەڵام دۆستە دوژمن نییە، ئەمە پێمان دەڵێت پێناسەی سیاسەت لە کۆمەڵگەی دیموکراتی هونەری پێکەوە کۆکردنەوەی جیاوازییەکانە، نەك هونەری جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن، کەواتە لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەرستۆتالیس کە بەوجۆرە پێناسەی سیاسەت دەکات ((سیاسەت بۆ پاراستن و جێبەجێکردنی بەرژەوەندی گشتییە))، بۆیە گرنگە ئێمەش لە هەرێمی کوردستان باشتروایە بە چەمکی ئەرستۆتالیس لە سیاسەت تێبگەین و سیاسەت بکەین، نەك بە چەمکی کارل شمیدت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێویستە عینادی سیاسیی و ڕەتکردنەوەی ڕەهای بەرامبەر بگۆڕین بۆ کۆمپرۆمایز و پێکەوە گونجان و تەوافوقی سیاسی، هەنگاوی گرنگیش بۆ ئەم وەرچەرخانە لەوەوە دەست پێدەکات کە بگەینە قەناعەت(سیاسەت بە عاتیفە ناکرێت، بەڵکو سیاسەت بە ئەقڵانییەت دەکرێت)، ئەقڵانیەتیش بریتییە لە ئیرادەی خێری مرۆڤ، بۆ ئەوەی ئیرادەی مرۆڤ بۆ چاکسازی خێری کۆمەڵگە هەڵبسوڕێنێت نەك بۆ شەڕخوازی، بۆیە پیادەکردنی سیاسەتی ئەقڵانی واتە پاراستن و جێبەجێکردنی بەرژەوەندی گشتییە.

لەم راستەوە پێویستە هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سیاسیی ئێستای کوردستان، لە چوارچێوەیەکی ئەقڵانیی دوور لە عاتیفە بێت و هەوڵەکان لە پێناوی ئەوە بێت کە هەموو لایەنە سیاسییەکان پێکەوە بتوانن بەرژەوەندی گشتی بپارێزن و بەرژەوەندی گشتی جێبەجێ بکەن، ئەگەر بەم جۆرە خوێندنەوە بۆ ئەو پرسانە

**(( پێناسەی سیاسەت لە کۆمەڵگەی دیموکراتی هونەری پێکەوە کۆکردنەوەی جیاوازییەکانە، کەواتە لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەرستۆتالیس کە بەوجۆرە پێناسەی سیاسەت دەکات بەوەی ((سیاسەت بۆ پاراستن و جێبەجێکردنی بەرژەوەندی گشتییە)) نەک وەک کارل شمیتی بیرمەندی نازی کە بەوجۆرە سیاسەت پێناسەدەکات ((سیاسەت هونەری جیاکردنەوەی (دۆست و دوژمن) بێت، کێشەکە لێرەدا ئەوە نییە کە کارل شمیت بیرۆکەی هەبوونی دوژمنێکی سەرسەخت وەک پێویستییەک بۆ سیاسەت و هاندان و جووڵەو جەمسەرگری لە کۆمەڵگەدا پێناسە دەکات، بەڵکو مەبەستی شمیت ئەوەیە کە نیشاندانی بەرامبەر بە دوژمن، گەوهەری کێشەکە دەشارێتەوەو هیچ کەسێک پێچەوانەی ئەوە قسە ناکات)).**

بکەین، کە ئێستا لەهەرێمی کوردستان مشتومڕی سیاسی لە بارەوە دەکرێت، هەندێك لەو قسەو لێدوانانە ڕەتدەکەینەوە کە سەبارەت بەهەندێك پرس لەملاو لەولا گوێمان لێی دەبێت، هەر بۆ نموونە سەبارەت بە پرسی دەستوور هەندێك حزبی سیاسی بەوجۆرە لێدوانیان داوە بەوەی ئەگەر ئەم دەستوورە بخرێتە ڕاپرسییەوە ئەوە شەڕی ناوخۆ بە مانای (شەڕی چەکداری) لە کوردستان سەرهەڵدەداتەوە، بەراستی لە ژینگەیەکی دیموکراتی وەك هەرێمی کوردستان مرۆڤ حەز ناکات گوێی لە قسەی لەوجۆرە بێت، ئەم قسانە ئەوەمان پێدەڵێن دیارە نییەتی شەڕ، بە مانای شەڕی چەکداری لای ئەو لایەنانە بوونی هەیەو بەرامبەر بە لایانەوە دۆست نییەو دوژمنە، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی شەڕی ناوخۆ بەمانای شەڕی چەکداری ڕوو دەدات؟

وەڵامی ئەم پرسیارە تەنیا یەك شتە، ئەویش ئەوەیە دیارە نییەتی شەڕ لای ئەو حزبانە هەیە، ئەگەر ئەم نییەتە نەبێت، بە هیچ پاساوێك نابێت ئەم وشەیە بێتە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی ئێستای کوردستانەوە، لەبەر ئەوەی ئەو شەڕە شوومە کۆتایی پێهاتووەو ئەو قۆناخە بەسەرچوو، دەبێت هەمووشمان بگەینە ئەو قەناعەتەی ئەو مەسەلەیە کۆتایی هاتووە، ئێستا لە هەرێمی کوردستان شەڕێکی دیکە هەیە، ئەو شەڕەش شەڕێکی فیکریی سیاسییە، بۆیە من دڵنیام با هەموومان بچینە نێو ئەم شەڕە فیکرییە سیاسییەوە و ململانێی توند لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی بکەین، ئەگەر هەموومان بۆ ئەم شەڕە فیکرییە سیاسییە ئامادەباشیمان هەبێت، ئەوا دەکرێت هەموو پرسەکان بخەینە ژێر پرسیار و قسەی خۆمانی لەسەر بکەین، لەم بازنەیەدا حەزدەکەم چەند پرسێك کە پرسی سەرەکی ئەمڕۆی کوردستانن، بخەینە ناو موناقەشەیەکی فیکری و سیاسییەوە.

**• دیموکراتی و سیستەمی حکومڕانی**

کاتێك باسی سیستەمی حکومڕانی دەکەین، باسەکەمان تەنیا لە چوارچێوەی دیموکراتیدا دەبێت، واتە باس لەو سیستەمانە دەکەین کە ئەزموونی دیموکراتی لە جیهاندا پێشکەش کردون، لەمەشدا چوار جۆر سیستەمم پیادەکراون کە بریتین لە:

١- سیستەمی سەرۆکایەتی
٢- سیستەمی پەرلەمانی
٣- سیستەمی تێکەڵاو واتە (نیمچە پەرلەمانی و نیمچە سەرۆکایەتی)
٤- سیستەمی جەمعیات، ئەم سیستەمە تەنیا لە سویسرا سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو شێوەیەکە لە پیادەکردنی دیموکراتیەتی ڕاستەوخۆ.

لەم چوار سیستەمەدا، سیانیان کە بریتین لە (سەرۆکایەتی و پەرلەمانی و تێکەڵاو) لەزۆر وڵاتاندا پیادەکراون و هەرسێ سیستەمەکەش دیموکراتین، بەڵام لە هەر وڵاتێك سیاسەتمەداران بەپێی تایبەتمەندی وڵاتی خۆیان یەکێك لەم سیستەمانەیان هەڵبژاردووە، یان گۆڕانکارییان لە سیستەمەکەدا کردووە، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا خەسڵەتی سیستەمە جیاوازەکان چۆن دیاری دەکرێت؟ بێگومان چەندین تیۆری سیاسیی هەن لەبەر ڕۆشنایی چۆنییەتی هەیکەلی دەسەڵاتەکان سیستەمەکان پۆلێن دەکات، ئەمەش ناچارمان دەکات بەشێوەیەکی کورت هەڵوەستە لەسەر هەر سێ سیستەمەکە بکەین:

**• سیستەمی سەرۆکایەتی/ (ئەمریکا) بە نموونە**

لە سیستەمی سەرۆکایەتیداو لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن تەنیا سەرۆك دەسەڵاتی هەیە، واتە ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بوونی نییە، هەموو وەزیرەکان دەبنە سکرتێر و یاریدەدەری سەرۆك، هەروەها ڕاستە سەرۆکی ئەمریکا لەهەندێ مەسەلەدا پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی سەنات هەیە، هەر بۆ نموونە سەرۆك لە دامەزراندنی سکرتێر و یاریدەدەرەکانی (وەزیرەکان)و باڵیۆزی وڵاتەکەی لە جیهان و ڕاگەیاندنی شەڕ و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی سەنات هەیە، تەنانەت ئێستا بۆ ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی، شێوازێکیان دۆزیوەتەوە پێی دەوترێت(ڕێککەوتننامەی جێبەجێکردن executive agreement)، بۆیە بەم شێوەیە سەرۆکی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیدا ناگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی سەنات، هەروەها سەرۆك پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی نوێنەران هەیە بۆ پەسەندکردنی بودجە، بەڵام سەرەنجام تەنیا سەرۆك بڕیار دەدات، بۆیە کۆنگرێس ناتوانێت لێپێچینەوە لەگەڵ سەرۆك بکات، هەتا نەگاتە خیانەتی گەورەی نیشتمانی، ئەم هەیکەلەی دەسەڵات لە سیستەمی حکومڕانی لە زانستی سیاسەتدا بە سیستەمی سەرۆکایەتی پێناسە دەکرێت.

**• سیستەمی تێکەڵاو/( فەرەنسا) بە نموونە**

فەرەنسا لەکۆماری چوارەمدا سیستەمێکی پەرلەمانی هەبوو، بەڵام چەندین هۆکار وایکرد کە دیگۆڵ دوای ١٣ ساڵ چاوەڕوانی بیر لە گۆڕینی سیستەمی حکومڕانی فەرەنسا بکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە دیگۆڵ لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی بەشداری حکومڕانی فەرەنسای نەکرد، بەڵکو لە ساڵی ١٩٤٥- ١٩٥٨ لە دەرەوەی حکومڕانی بوو هەتا ئەو کاتەی کە ژەنراڵ دیگۆڵ لە ١٥ی مایسی ١٩٥٨ ڕایگەیاند کە ئامادەیی تێدایە بۆ پێداچوونەوە بە دەسەڵاتەکانی کۆمار، بۆیە سەرۆك کۆماری فەرەنسا بانگهێشتی ژەنراڵ دیگۆلی کرد کە سەرۆکایەتی وەزیران وەربگرێت و پەرلەمانیشی ئاگادارکردەوە ئەگەر بەو گۆڕانکارییە هەڵنەستێت ئەوە دەبێت خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، هۆکاری ئەمە لەبەر ئەوەبوو کە لەو ماوەیەدا فەرەنسا بەدەست چەندین تەنگژەو گیروگرفتەوە دەیناڵاند لەوانە:

• سەقامگیری حکومی بوونی نەبوو واتە حکومەت هەر خەریکی پێکهێنان و دەست لەکارکێشانەوە بوو.

• حزبە سیاسییەکانی فەرەنسا لەناو خۆیاندا نەدەگەیشتنە

**ئەرکی حزبە سیاسییەکان ئەوەیە ئیدارەی ململانێ سیاسییەکان بکەن لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی، ئیدارەدانی ئەم ململانێیەش بە پیشاندانی ڕاستییەکان بۆ میللەت دەکرێت، نەك بە چەواشەکردنی ڕای گشتی**

**(سەرۆکایەتی و پەرلەمانی و تێکەڵاو) لەزۆر وڵاتاندا پیادەکراون و هەرسێ سیستەمەکەش دیموکراتین، بەڵام لە هەر وڵاتێک سیاسەتمەداران بەپێی تایبەتمەندی وڵاتی خۆیان یەکێک لەم سیستەمانەیان هەڵبژاردووە، یان گۆڕانکارییان لە سیستەمەکەدا کردووە**

**تەنگژەی دەستوور دروستکراوە، لەبەر ئەوەی دەبوو لە ٢٠٠٩وە قسەی لەسەر بکرایە، دەبوو ٤ ساڵ پێش ئێستا قسە لەسەر ئەوە بکرایە، کە دەستوور پێویستە هەندێک شتی هەیە گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بۆیە ئێستا لەژێر بارێکی سیاسی دیاریکراودا ئەو قسانە دەکرێت، واتە یان فشارێکی سیاسییە یان بەکارهێنانی دەستوورە وەک کارتێکی هەڵبژاردن**

**ئێستا لە هەرێمی کوردستان شەڕێکی دیکە هەیە، ئەو شەڕەش شەڕێکی فیکریی سیاسییە نەک شەڕی چەکداری، بۆیە من دەڵێم با هەمووان بچینە نێو ئەم شەڕە فیکرییە سیاسییەوە و ململانێی توند لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی بکەین**

**ژەنەراڵ دیگۆل لە ساڵی ١٩٥٨ دەستووری خستە ڕاپرسییەوە، میللەت دەنگی پێدا، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٩ ڕاپرسییەکی دیکەی ئەنجامدا میللەت ڕەتیکردەوە، لە حاڵەتی یەکەمدا کە میللەت دەنگی پێدا هەموو لایەک پێوەی پابەندبوون، کە میللەت ڕەتیشی کردەوە، دیسان هەموو لایەنەکانی گەلی فەرەنسا پێوەی پابەندبوون**

**لە قۆناخی بونیادنانی کیان، پێویستمان بە هاوسەنگییەک هەیە، ئەو هاوسەنگییەش بەوە دروست دەبێت کە لەیەک کاتدا، سەرۆکی حکومەتیش بەهێز بێت لەهەمانکاتدا سەرۆکی وڵاتیش بەهێز بێت**

خاڵی هاوبەش و نەیاندەتوانی حکومەتێکی هاوبەش دروست بکەن. بۆیە کێشـــەی نێوان حزبە سیاسیەکان گەیشتبووە بن بەست و نەدەتوانرا بەشێوەی کۆمپرۆمایز کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن.

● حکومەت لاواز بوو نەیدەتوانی بڕیارەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

دیگـــۆل دوای ئـــەوەی بوارێکی زۆر باشـــی بە کۆماری چوارەم دا بۆ ئەوەی بتوانێت فەرەنســـا لـــە قۆناخی دوای شەڕ بەرەو قۆناخێکی باشتر بەرێت، بەڵام دەرکەوت تەنگژەی حکومڕانی هـــەر بەردەوامە، بۆیە دیگۆل ناچار بوو پەنا بۆ گۆڕانکارییەکی ریشەیی ببات و دەستوورێکی نوێ بۆ وڵات دابنێت کە ئەویش ڕاگەیاندنی کۆماری پێنجەمی فەرەنســـا بوو، لەم دەســـتوورەدا دیگۆل پێشـــنیاری ئەوەی کردبوو بۆ ئەوەی بتوانرێت بارودۆخی فەرەنســـا کۆنترۆڵ بکرێت، ئەوا دەبێت سەرۆکی وڵات کەسایەتیەکی بەهێز بێت و دەسەڵاتی بەهێزیشی هەبێت، لەبەر ئەوەی تەنگژەکانی ئەوکاتی فەرەنسا پێویســـتی بە بڕیاری خێرا هەبوو، لە دەســـتووری کۆماری پێنجەم بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەم دەسەڵاتانە بە سەرۆك بدرێت، ســـوود لە سیستمی ســـەرۆکایەتی وەگیرابوو، بۆیە هەندێك لە سیماکانی سیستمی ســـەرۆکایەتی تێکەڵاوی سیستمی پەرلەمان کرا، ئەوەی ئێستا پێی دەگوترێت تێکەڵ، بێگومان ئەوەی ڕێگەیدا ئەم گۆڕانکارییە لە سیســـتمی حکومڕانی فەرەنســـا بێتە ئاراوە، ئەو بارودۆخـــە بابەتیەی ئەو کاتەی فەرەنســـا بوو کە پێویســـتی بەوە بوو کاریزمایەك هەبێت بۆ ئەوەی ئەو تەنگژانـــە یەکلایی بکاتەوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی خەڵکی فەرەنساش هەستیان کرد ئەو گۆڕانکارییە پێویستە، بۆیە لە ساڵی ١٩٥٨ کە دەستوور خرایە ریفراندۆمەوە دەنگی پێدرا.

● **سیستمی پەرلەمانی/ بەریتانیا بە نموونە**

- لەسیســـتمی پەرلەمانیدا دەسەڵاتەکان بریتین لە سەرۆکی وڵات، ئەنجوومەنی وەزیران، پەرلەمان، سەرۆك لە سیستمی پەرلەمانیدا لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت یان لە پەرلەمانەوە ئەوە دەســـەڵاتەکان دیاری دەکات سیستمەکە پەرلەمانیە یان نیمچە پەرلەمانیە، بۆیە ئەو دەســـەڵاتەی لای سەرۆکێکی ســـەرۆکایەتی و نیمچە سەرۆکایەتی هەیە لای سەرۆکێکی پەرلەمانی نییە، ڕاشکاوانەتر دەسەڵاتی سەرۆك لە سیستمی پەرلەمانی موقەیدە، بۆیە ئەوە مەرج نییە کە سەرۆك لەلایەن خەڵکـــەوە هەڵدەبژێردرێت یان لە پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە ئایا دەسەڵاتەکانی سەرۆك موقەیدە یان نا، لێرەدا دەوڵەتی نەمسا باشترین نموونەیە لەبەر ئەوەی سیســـتمی حکومڕانی لە نەمســـا لەدوای ساڵی ١٩٥٥ـەوە ســـەرۆك لەلایەن خەڵکیشـــەوە هەڵدەبژێردرێت(مادەی ٦٠ی دەستوور)و سیستمەکەش هەر پەرلەمانیە و ئەو دەستوورەشی کـــە هەیانـــە هەمان ئەو دەســـتوورەیە کە لەســـاڵی ١٩٢٠ فەقیهی دەســـتووری ناسراو هانس کیلسن دایناوەو پێناسەی سیستمەکەش(سیســـتمێکی پەرلەمانی کۆماری فیدرالیە/ ماددەکانی ١ و ٢٤ تا ٥٩ی دەستووری نەمساویی)، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت هەڵبژاردنی سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە شێوازی سیســـتمی حکومڕانی ناگۆڕێت، بەڵکو ئەوەی شـــێوازی سیستمەکە دەگۆڕێت دەسەڵاتەکانە، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری دەســـەڵاتەکانی سەرۆکی نەمســـا بکەین، دەبینین دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتی سەرۆکێکی سیستمی پەرلەمانییە (مادەکانی ٦٠-٦٨ی دەستووری نەمساویی)، نەك سەرۆکی سیستمێکی ســـەرۆکایەتی یان نیمچە ســـەرۆکایەتی، ئەو دەسەڵاتەی سەرۆکی نەمسا هەیەتی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ســـەرۆکی فەرەنســـا بەراورد ناکرێت، لێرەوە ئەگەر سەیری دەســـتووری هەرێمی کوردستانیش بکەین، ئەوا تەواو هەست بەو جیاوازییە دەکەین کە لەنێوان دەســـەڵاتەکانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان (ماددەی ٦٥ی پرۆژەی دەســـتووری هەرێم)و ســـەرۆکی فەرەنســـادا هەیە(ماددەکانی ٥-٢٣ی دەستووری فەرەنسی ســـاڵی ١٩٥٨)، بەڵکو دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم ئەگەر لە دەســـەڵاتەکانی سەرۆکی نەمسا کەمتر نەبێت، هاوشێوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی نەمسایە، ئەم پرســـە کە پێناسەی سیســـتمی حکومڕانی پێدەکرێت، پرســـێك نییە هەر کەس لە خۆیەوە پێناســـەی بۆ بکات یان پۆلینی بکات، بەڵکو ئەم مەســـەلەیە فوقەهای دەستووری و پســـپۆڕانی یاسا یەکلایی دەکەنەوە. بەڵام ئەگەر لێرەدا ئەو پرســـیارە بکەین، ئایا جیاوازی چییە ســـەرۆك لە سیستمی پەرلەمانـــی لەلایەن خەڵکـــەوە هەڵبژێردرێت یـــان لەلایەن خەڵکەوە؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیـــە ئەگەر لەپەرلەمان هەڵبژێردرێـــت، ئەوا بێگومان حزبەکان هەڵیدەبژێرن، ڕاســـتە حزبـــەکان بە نوێنەرایەتی میللـــەت هاتوونە پەرلەمان، بەڵام هەڵبژاردنی ســـەرۆك دەکەوێتە سەر هاوکێشە سیاسییەکان و هاوسەنگی نێوان هاوکێشە سیاسیەکان، تەوافوقاتی سیاسی، لەم حاڵەتەشدا میللەت ئاگای لەو تەوافوقاتە سیاسیە نییە، کەواتە لەم حاڵەتەدا کێ دەبێتە ســـەرۆکی وڵات؟ بێگومان ئەو حزبـــەی زۆرینەی پەرلەمانی هەبێـــت، نموونەی نزیك وەك ئێســـتای تورکیـــا، ئەوجا لەبەر ئەوەی لە سیســـتمی پەرلەمانی فەرز دەبێت، ســـەرۆکی حکومەت و ســـەرۆکی دەوڵەت لەیەك حزبن، ئەوا لەکاتـــی تەنگژە یان لە قۆناخی بونیادناندا، سەرۆکی حکومەت هیچ کەسێك نابێت چاودێری بکات، بەڵام ئەگەر لە لایـــەن میللەتەوە هەڵبژێردرێت، ئەوا دەســـەڵاتی سەرۆك پشت دەبەستێت بەو متمانەیەی کە گەل پێیداوە، ئەمەش دەیکاتە سەرۆکی بەهێز بۆ ئەوەی بەرگری لە سیســـتمەکە بکات، بەرگری لە کیانەکە بکات، ئەمەش واتە: دەتوانێت ڕەخنە لەسەرۆکی حکومەت بگرێت، دەتوانێت ســـەرۆکی حکومەت ئاڕاستە بکات، لەبەرئەوەی گریمانەی ئەوە هەیە حکومەت غەڵەت بکات یان سیاسەتێکی نادروست پیادە بکات(وەك بنەمایەکی ســـەرەکی سیستمی پەرلەمانی کە بریتییە لە: المعرفة، التشجيع، التحذير).

● **سیستمی حکومڕانی و لادان بەرەو دیکتاتۆریەت**

-مێژوو و ئەزموونەکانی سیســـتمە جیاوازەکانی دیموکراتی

ئەو راستیەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، ئەوە سیستەم نییە کە دیکتاتۆریەت دروست دەکات، بەڵکو ئەوە مەیلی تاکڕەوی کەسەکانە کە سیستمەکە بەرەو دیکتاتۆری دەبات، ئەوجا ئەو سیستمە دیموکراتیە(سەرۆکایەتی بێت، یان پەرلەمانی، یان تێکەڵاو)، هەر بۆ نموونە لەساڵی ١٩٥٥ـەوە لە نەمسا، لە فەرەنسا لەساڵی ١٩٥٨، لە ئەمریکا لەدوای شۆڕشی ئەمریکا، لەم سێ نموونە جیاوازەدا، لە هەرسێکیاندا سەرۆك لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت و نەمانبیستووە دیکتاتۆرێك دروست بووبێت، هەروەها لە سیستمی پەرلەمانیشدا کە سەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت نموونەی سەرکەوتوو و نموونەی ناسەرکەوتووشمان هەیە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لە سیستمی پەرلەمانیدا، دەسەڵات بەرەو دیکتاتۆریەت دەچێت؟

ئەمە لەکاتێکدا سەرۆك لە سیستمی پەرلەمانی ئەو دەسەڵاتانەشی نییە کە سەرۆك لە سیستمی سەرۆکایەتی یان تێکەڵاودا هەیەتی؟ بۆیە توێژینەوە سیاسییەکان سەبارەت بەم پرسانە ئاماژە بەوە دەکەن لەوانەیە سیستمی پەرلەمانی زیاتر بەرەو دیکتاتۆریەت بچێت، نەك سەرۆکی وڵات، نموونەش لەمبارەوە کۆماری ڤایمەری ئەڵمانی کە لە ١٩٣٢حزبی نازی بە هەڵبژاردن دەسەڵاتی وەرگرت و پاشان لە ١٩٣٣هیتلەر لەلایەن سەرۆکی ئەڵمانیا هیندنبورگ وەك راوێژکار(واتەسەرۆکی حکومەت) دەستنیشان کرا و دەسەڵاتەکەیان بەرەو دیکتاتۆریەت برد، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هیتلەر کە راوێژکاری ئەڵمانیا بوو واتە سەرۆکی حکومەت بوو ئەڵمانیای بەرەو دیکتاتۆریەت برد یان سەرۆکی وڵات؟ بێگومان مێژوو پێمان دەڵێت سەرۆکی حکومەت سیستمی پەرلەمانی ئەڵمانیای بەرەو دیکتاتۆریەت برد، نەك سەرۆکی ئەڵمانیا، کەواتە دووبارە دەگەڕێمەوە سەر ئەو فاکتەرەی پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەویش ئەوەیە کە سیستمی سەرکەوتوو و سیستمی شکستخواردوو، پێوەندی بەکۆمەڵێك فاکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە هەیە، هەر بۆ نموونە عێراق لەساڵی ١٩٢٥ – ١٩٥٨ سیستمێکی پەرلەمانی بوو، بەڵام ئەم سیستمە لەعێراق سەرکەوتوو نەبوو، ئەمە نەك لەبەر ئەوەی سیستمی پەرلەمانی خراپە، بەڵکو ئاستی پێشکەوتنی عێراق لەو ئاستە نەبوو بتوانێت ئەو سیستمە بەسەرکەوتوویی هەڵبسوڕێنێت، ئەگینا سیستمەکە هەمان سیستمی بەریتانیاو دەوڵەتانی کۆمۆنوێڵس بوو، هەروەها دوای رووخانی رژێمی پێشوو، عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ بەپێی دەستوور لەسەر بنەمای سیستمی پەرلەمانی دامەزرایەوە، بەڵام با سەیر بکەین، ئایا چەند تەنگژە و کێشەمان لەگەڵ ئەو سیستمەدا هەیە، با سەیر بکەین، سەرۆك وەزیران بانگێشە دەکات بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران بەشداری کۆبوونەوەی پەرلەمان نەکەن، سەیر دەکەین دەسەڵاتەکان هەمووی لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە قۆرخکراوەو سەرۆکی وڵات ناتوانێت جڵەوگیری بکات، کەواتە لێرەدا مەسەلەکە ئەوە نییە سیستمەکە خراپە، بەڵکو بارودۆخی دەوڵەت بەو جۆرەیە ئەو سیستمە سەرکەوتوو




**سیاسەت هونەری جیاکردنەوەیە لە نێوان دۆست و دوژمندا، ئەمەش مانای ئەوەیە بە لۆژیکی نازییزم بوونی دوژمن پێویستە، هەروەک چۆن بوونی دۆستیش پێویستە، کێشەکە لێرەدا ئەوە نییە کە کارل شمیت بیرۆکەی هەبوونی دوژمنێکی سەرسەخت وەک پێویستییەک بۆ سیاسەت و هاندان و جووڵەو جەمسەرگری لە کۆمەڵگەدا پێناسە دەکات، بەڵکو مەبەستی شمیت ئەوەیە کە نیشاندانی بەرامبەر بە دوژمن، گەوهەری کێشەکە دەشارێتەوەو هیچ کەسێک پێچەوانەی ئەوە قسە ناکات.**

**شمیت وەک بیرمەندێکی نازیزمی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کاتێ بەرامبەر بوو بە دوژمن ئیدی چیتر کەس قسەیەکی جیاواز بەرامبەر دوژمن ناکات.**

نەبێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بارودۆخێکی باشترمان لە عێراق هەیە، کەواتە هەر دەوڵەتێك بارێکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە کام سیستم لەگەڵ ئەو بارودۆخە دەگونجێت، ئەوا پێویستە سیاسەتمەدارانی ئەو وڵاتە ئەو سیستمە هەڵبژێرن کە لەو وڵاتە سەرکەوتوو دەبێت، هەربۆ نموونە باری سەقامگیری ئەمنی و سیاسیی باشترە، راستە ململانێی سیاسی هەیە، بەڵام تا ئێستا لە کەشوهەوایەکی ماقووڵ بەڕێوە دەچێت، پرسیار ئەوەیە ئایا پێویست نییە ئەم ململانێ و مشتومڕە سیاسییە بە کۆتا بێت و ئاکامێکمان هەبێت؟ بێگومان پێویستە ئاکامێکمان هەبێت، ئەم ئاکامەش لەبەردەستمانەو ئەو سیستمەیە کە لەدەستووردا دانراوە، ئەم سیستمە بە گونجاوترین سیستم هەڵبژێردراوە لەلایەن حزبەکان و پەرلەمان و لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوورەوە، بۆیە پێویستە پارێزگاری بەم ئاکامەوە بکرێت، لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە هیچ سیستمێك موتەکامیل نییە، بۆیە پێویستە ئەو کەموکورتیانە دەستنیشان بکرێت، قۆناخ بە قۆناخ ئەو دەستوورە هەموار بکرێت، لەچوارچێوەی چارەسەرێکی مامناوەندیدا کە هەموو لایەنەکان پێی رازی بن. ئەم چارەسەرە مامناوەندییەش لەکام ژینگە دروست دەبێت؟ بێگومان بە لێکتێگەیشتنی نێوان پارتە سیاسییەکان، ئەویش بەهەردوو لایەنی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات، کە پێویستە بیرورایەکی هاوبەشیان هەبێت لەسەر بەرژەوەندی گشتی، گرنگترین خاڵی هاوبەشیش پارێزگاریکردنە لەسەر سیستمی سیاسی دەوڵەت، راشکاوانەتر ئەم سیستمەی ئێستا هەیە پێویستە بپارێزرێت، بەڵام ئایا ئەم سیستمە پێویستی بە گۆڕانکاری و هەموارکردن هەیە؟، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە ئەوا پێویستە هەم بارودۆخی وڵات لەبەرچاو بگیرێت هەمیش هەموو حزبە سیاسییەکان لەسەر ئەو گۆڕانکاری و هەموارکردنە بگەنە تەوافق و بگەنە قەناعەت، ئەمەش پرۆسەیەکی داینامیکی سیاسەتە، لەبەرئەوەی سیاسەت بریتی نییە لە حاڵەتی متبوون و جێگیر، بەڵکو سیاسەت لە جووڵە و گۆڕانکاری بەردەوامدایە، ئەم جووڵەیەش وا دەکات هەندێکجار پێویستمان بە گۆڕانکاری و هەموارکردن هەبێت، ئەمانە لەهەموو دەوڵەتێکی دیموکراتی ئاساییین، بەڵام ئەوەی لە سیستمی دیموکراتی نەبۆتە نەریت، ئەوەیە نابێت بە شێوەیەکی رەها هیچ شتێك رەتبکرێتەوە، راشکاوانەتر لە سیستمی دیموکراتیدا گونجاندن هەیە، رەش و سپی بوونی نییە.

## • چۆنیەتی چارەسەری تەنگژەکان لە قۆناخی بونیادنانی دەوڵەت یان کیاندا

- قۆناخی بونیادنانەوەی دەوڵەت یان قۆناخی بونیادنانی کیانی سیاسی، قۆناخێکە تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەروەها ئەو تەنگژانەشی لەم قۆناخە سەرهەڵدەدەن، پێویستیان بە بڕیاری خێرا هەیە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکرێت و نەتەوە بتوانێت ئەو قۆناخە راگوزەرییە بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کاتێك باس لە تایبەتمەندی سیستمی حکومڕانی بوونی سەرۆکی بەهێز دەکەین، باسەکەمان تایبەتە بە قۆناخێکی هەستیار ئەویش قۆناخی بونیادنانی دەوڵەت یان کیانی سیاسییە، لەم قۆناخەدا گرنگە سەرۆکی وڵات کەسایەتیەکی بەهێز بێت و خاوەنی کاریزما بێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کەسایەتی کاریزما لە چ کاتێکدا دەردەکەوێت و لە چ کاتێکدا میللەت پێویستی بە سەرۆکی کاریزمیی هەیە؟ بێگومان سەرۆکی کاریزما لە بارودۆخی هەستیار و لەکاتی بوونی تەنگژە لەو وڵاتە دەردەکەوێت و کۆمەڵگەش پێویستی پێ دەبێت، ئەو کاتانەش بریتین لە کاتی بونیادنانەوەی دەوڵەت یان بونیادنانی دەوڵەت یان کیانی سیاسی، بەراشکاوی لەم قۆناخەدا نەتەوە لە دەسپێکی پرۆژەیەکی گەورەی نیشتمانیدایەو بۆ ئەوەی بتوانێت ئیدارەی ئەم قۆناخە هەستیارە بکات، ئەوا پێویستی بە سەرۆکێکی کاریزمایی دەبێت، دەرکەوتنی ئەم کەسایەتیە کاریزمایە کە نەتەوە لەو قۆناخە پێویستی پێیەتی لە سیستمی پەرلەمانیشدا بوونی هەیە، هەر بۆ نموونە ئەدینهاوەر راوێژکاری ئەڵمانیا، یەکێکە لە راوێژکارە بەهێزەکانی ئەڵمانیای دوای شەڕ، توانی ئاسەواری شەڕ لە ئەڵمانیا بسڕێتەوە، لەم وڵاتە سەرۆك هەبوو، بەڵام کاریزماکە ئەدینهاوەر بوو کە توانی ئەڵمانیا بپەڕێنێتەوە بۆ قۆناخێکی باشتر، لەکاتێك دووبارە ئەڵمانیا یەکیگرتەوە ئەڵمانییەکان پێویستیان بە کاریزمایەکی وەك هیلمۆت کۆڵ بوو، وەختێك تەنگژەیەکی گەورەی نێوان بلۆکی سۆسیالیستی و بلۆکی رۆژئاوا هەبوو، ئەڵمانیا پێویستی بە کاریزمایەکی وەك ڤیلبراند هەبوو. لە نەمسا لە قۆناخی گەشەپێدان لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم پێویستی بە کاریزمایەکی وەك کرایسکی هەبوو. ئەمە پێمان دەڵێت قۆناخی هەستیار و دەسپێکی پرۆژەی گەورەی نەتەوەیی پێویستی بە سەرکردەیەکی کاریزمی هەیە، ئەوجا سیستمی حکومڕانی وڵات سەرۆکایەتی بێت یان پەرلەمانی یان تێکەڵاو، بۆیە لێرەوە ئەگەر سەیری بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان بکەین و لەخۆمان بپرسین، ئایا ئێمەش لەم قۆناخە هەستیارە پێویستمان بە سەرۆکێکی کاریزمایی نییە؟ ئەوەی دەبێتە وەڵامی گونجاو بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە، ئایا ئێستا کە هەرێمی کوردستان لەدەسپێکی ئەم پرۆژە گەورە نەتەوەییەدایە کە هەنگاو هەڵگرتنە بۆ بونیادی کیانێکی سیاسیی، تەواو سەقامگیرە؟ ئایا دروستکردنی ئەم کیانە سیاسییە پێویستی بە کاریزمایەك نییە؟ حەتمەن ئێمەش وەك هەموو نەتەوەکانی جیهان لەم قۆناخە هەستیارە پێویستمان بەکاریزمایەك هەیە، ئەو کاریزمایەش پێویستە سەرۆکێکی بەهێز بێت و بتوانێت هاوسەنگی رابگرێت لەنێوان سەرجەم هێزەکانی کۆمەڵگەدا، ئەمانە هەمووی دەبنە پاساوێك بۆ ئەوەی هەتا لەسیستمی پەرلەمانیشدا، لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی گەورە لەلای سەرۆکی حکومەتە، بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستمان بە سەرۆکێکی بەهێزیش هەیە، بۆ ئەوەی ئەو کاریزمایەی هەبێت کە بتوانێت بارودۆخەکە رابگرێت و ببیاتە پێشەوە، لەبەر ئەوەی لاوازبوونی سەرۆکی هەرێم یان

**لەوانەیە سیستمی پەرلەمانی بەرەو دیکتاتۆریەت بچێت، نەک سەرۆکی وڵات، نموونەش لەم بارەوە کۆماری ڤایمەری ئەڵمانی کە لە ١٩٣٢حزبی نازی بە هەڵبژاردن دەسەڵاتی وەرگرت و پاشان لە ١٩٣٣هیتلەر لەلایەن سەرۆکی ئەڵمانیا هیندنبورگ وەک راوێژکار(واتە سەرۆکی حکومەت) دەستنیشان کرا و دەسەڵاتەکەیان بەرەو دیکتاتۆریەت برد**

سەرۆکی دەوڵەت لەو قۆناخەی کە تەنگژەو ناسەقامگیری هەیە، ئەوا ئەم لاوازییە دەرفەت بۆ کۆمەڵێك ئەگەر واڵا دەکاتەوە، لەوانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی ناسەقامگیری سیاسی و حکومڕانی دروست بێت، یان دەرفەت بۆ ئەوە دروست دەکات سەرۆکی حکومەت هەنگاو بەرەو تاکڕەویی هەڵبگرێت، سێیەمیش دەرفەت بۆ ئەوە دروست دەکات کە پەرلەمان لاواز بێت و نەتوانێت رۆڵی خۆی بە چالاکانە بگێڕێت، بۆیە لەم جۆرە حاڵەتەدا واتە لە قۆناخی بونیادنانی کیان، پێویستمان بە هاوسەنگییەك هەیە، ئەو هاوسەنگییەش بەوە دروست دەبێت کە لەیەك کاتدا، سەرۆکی حکومەتیش بەهێز بێت لەهەمانکاتدا سەرۆکی وڵاتیش بەهێز بێت، بەهاوکاری نێوان سەرۆکی حکومەتێکی بەهێز و سەرۆکی دەوڵەتێکی بەهێز هاوسەنگی دروست دەبێت و پەرلەمانیش دەتوانێت رۆڵێکی چالاك بگێڕێت، لێرەوە جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە بۆ خەسڵەتەکانی سیستمی پەرلەمانی، بێگومان راستە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیران دەبێت زۆر بەهێز بێت، بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستیش بەوەیە سەرۆکی دەوڵەتەکەشت بەهێز بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت هێزی سەرۆکی وڵات یان سەرۆکی هەرێم بەو ئاستە بێت کە بتوانێت بارودۆخەکە بپارێزرێت و هاوسەنگی بپارێزرێت، بتوانێت کۆنترۆڵی تەنگژەکان بکات.

**● سەرۆك لە کاتی تەنگژەکانی قۆناخی بونیادنانی کیاندا**

- کاتێك لە قۆناخی بونیادی کیانی سیاسی یان بونیادی دەوڵەت تەنگژە دروست دەبێت، ئەوا سەرۆکی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە، لەبەر ئەوەی راستەوخۆ میللەت دەنگی پێداوە، ئەوا دەبێت سەرۆك راستەوخۆ لەگەڵ گەلی خۆی قسەبکات و رایەڵەیەکی پتەوی ئەوتۆ لەگەڵ میللەتەکەی دروست بکات کە بتوانێت بە راشکاوی هەموو لایەنەکانی کێشەکە بۆ میللەت روون بکاتەوە، بۆ هەرێمی کوردستانیش گرنگە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم بارودۆخە راستەوخۆ قسە بۆ میللەتی خۆی بکات و هەموو راستیەکانیان بۆ ئاشکرا بکات و لەمەترسی هەموو ئەگەرە جیاوازەکان ئاگاداریان بکاتەوە، بەڵام لێرەدا گرنگە سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر بە وردی لەسەر ئەم رایەڵەیە هەڵوەستە بکات، لەبەر ئەوەی ئەو مشتومڕ و ململانێ سیاسییەی ئێستا هەیە هەوڵ دەدات ئەو رایەڵەیە نەهێڵێت یان لاوازی بکات، لەبەر ئەوەی ئەو مشتومڕە سیاسیەی ئێستا بوونی هەیە، هەندێك جار تەنگژەی دروستکراون بۆ مەبەستی سیاسیی ، هەندێك مەسەلە هەیە جێگەی قسە لەسەر کردنە، بەڵام هەندێك لە رەهەندەکانی ئەو مەسەلەیە دروستکراون، بۆ نموونە تەنگژەی دەستوور دروستکراوە، لەبەر ئەوەی دەبوو لە ٢٠٠٩وە قسەی لەسەر بکرایە، دەبوو ٤ساڵ پێش ئێستا قسە لەسەر ئەوە بکرایە کە دەستوور پێویستە هەندێك شتی هەیە گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بۆیە ئێستا لەژێر بارێکی سیاسی دیاریکراودا ئەو قسانە دەکرێت، واتە یان فشارێکی سیاسییە یان بەکارهێنانی دەستوورە وەك کارتێکی هەڵبژاردن، ئەمانە هەموویان ئەو فاکتەرانەن کە پێوەندییان بەو تەنگژە سیاسییەوە هەیەو بۆتە هۆکاری ئەوەی رای گشتی چەواشە بێت، لەبەر ئەوەی زۆر مەسەلە دەخرێتە نێو رای گشتی و دەبێتە هۆکاری چەواشەکاری، هەندێك باسی دەسەڵاتەکانی سەرۆك دەکەن، هەندێکی دیکە دەڵێن دەستوور بە یاسایەکی ئاسایی دەرچووە و دەکرێت بە یاسایەکی ئاساییش بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، یان باس لەسیستمی حکومڕانی دەکرێت، ئەمانە هەم پێچەوانەی یاسان هەمیش پێچەوانەی ئەو بنەمایانەن کە سیاسەتی پێدەکرێت، ئەمە لەکاتێکدایە ئەو لیژنەیەی بۆ پێداچوونەوەی دەستوور پێکهێنرابوو، ئیشی خۆی تەواو کردووەو ئێستا کارەکە لای میللەتە، من پرسیار دەکەم بۆ رێگە نادەن میللەت رای خۆی بدات، ئەمەش پێشێلکردنی مافی میللەتە، بالێرەدا دیسان ئەو پرسیارە بکەینەوە، کە رۆژانە لەسەر پرسی ریفراندۆمی دەستوور گوێبیستی دەبین کە دەڵێن: پارتی و سەرۆکی هەرێم دەیانەوێت ئەو دەستوورە بسەپێنن؟ بۆ ئەمە با گریمانەیەك بکەین و بڵێین گریمان ئێوە راست دەکەن پارتی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەیانەوێت ئەم دەستوورە بسەپێنن، بەڵام پرسیاری گرنگتر ئەوەیە بۆ ئەم سەپاندنە پێویستیان بەچییە؟ بێگومان پێویستیان بە رای میللەتە، با میللەت رێگە نەدات پارتی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەم دەستوورە بسەپێنێت.

باشە با دیسان بە شێوەیەکی فیکری پرسیارێکی دیکە بکەین، ئایا ئۆپۆزسیۆن چۆن دەزانێت و پێشبینی ئەوە دەکەن کە بە ریفراندۆم ئەو دەستوورە دەچەسپێت؟ ئەمەش مانای ئەوەیە رای میللەت لەسەر ئەو ئاڕاستەیەیە کە پارتی و سەرۆکی هەرێم لەسەری دەڕۆن. ئەگەر وانییە پرسیار ئەوەیە بۆ لەراپرسی دەترسن؟ هەر بۆ نموونە ژەنەراڵ دیگۆل لە ساڵی ١٩٥٨ دەستووری خستە راپرسیەوە، میللەت دەنگی پێدا، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٩ راپرسیەکی دیکەی ئەنجامدا میللەت رەتیکردەوە، لە حاڵەتی یەکەمدا کە میللەت دەنگی پێدا هەموو لایەك پێوەی پابەندبوون، کە میللەت رەتیشیکردەوە، دیسان هەموو لایەنەکانی گەلی فەرەنسا پێوەی پابەندبوون. کەواتە لەسەر پرسی دەستووری هەرێمی کوردستانیش با میللەت رای خۆی بدات، مەسەلەکە یەکلایی دەبێتەوە، ئەگەر پەسەندی کرد، ئەوە دەستوورەکە جێبەجێ دەکرێت، رەتیشیکردەوە لیژنەیەك دادەنرێتەوە دەستوورێکی دیکە دادەنرێتەوە، لێگەڕێن با میللەت دەنگی خۆی بدات. بۆیە گرنگە لە حزبە سیاسیەکانی کوردستان بپرسین، ئایا ئەرکی حزبە سیاسیەکان ئەوەیە رای گشتی چەواشە بکەن، یان ئەرکی حزبە سیاسییەکان ئەوەیە ئیدارەی ململانێ سیاسیەکان بکەن لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی، ئیدارەدانی ئەم ململانێیەش بە پیشاندانی راستی بۆ میللەت دەکرێت، نەك بە چەواشەکردنی رای گشتی، کەواتە حزبە سیاسیەکان مافی خۆیانە رەخنە لە حزبە سیاسیەکان بگرن، بەڵام مافی ئەوەیان نییە لە میانەی ئە م ململانێیە زیان بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنن..

**لەساڵی ١٩٥٥ەوە لە نەمسا، لە فەرەنسا لەساڵی ١٩٥٨، لە ئەمریکا لەدوای شۆڕشی ئەمریکا، لەم سێ نموونە جیاوازەدا، لە هەرسێکیاندا سەرۆک لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت و نەمانبیستووە دیکتاتۆرێک دروست بووبێت**

**سیاسەتکردن لە هەرێمی کوردستان، خەریکە بەرەو ئاڕاستەی رەتکردنەوەی رەها بڕوات، ئەم ئاڕاستەیە مەترسییەکی گەورە لە کۆمەڵگەدا دروست دەکات، لەبەر ئەوەی سیاسەتی رەتکردنەوەی رەها بەرهەمی بیرکردنەوەی نازیزمە**



## محەمەدی حاجی مەحمود

«سکرتێری حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان» بۆ گوڵان:

# بۆ پاراستنی سەقامگیریی و پێگەی وڵاتمان زەرورەتە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت



**بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان لەم دیمانە تایبەتەی گوڵاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حزبی سیاسیی ئامرازە نەک ئامانج، بۆیە لەم قۆناخە هەستیارەدا گرنگە هەموو حزبەکانی کوردستان ئامانجیان پاراستنی نیشتمان و ئەم ئەزموونەو بەرژەوەندی گشتی خەڵکی کوردستان بێت، هەروەها تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆی کوردستان بەرهەمی زنجیرەیەک شۆڕش و خەباتی بەردەوامی هەموو لایەنەکانە، ناکرێت بۆ هەڵبژاردن و کۆکردنەوەی دەنگ یاری پێ بکرێت، بۆیە باس لەوە دەکات گرنگە ئەم کیانە خاوەنی دەستووری خۆی بێت، لەبەر ئەوەی ئێمە هەموومان دەستوور وەک پێویستیەک سەیر دەکەین و ئێستاش دەستوور هەموو قۆناخەکانی بڕیوە و مافی خەڵکی کوردستانە بە بەڵێ یان نەخێر دەنگ لەسەر ئەو دەستوورە بدات، سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغداش بەڕێزی راشکاوانە ئاماژەی بەوەکرد بەم شێوازەی ئێستا کێشەکان چارەسەر ناکرێن و دەبێت بیر لە شێوازێکی دیکەی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا بکەینەوە، ئەو شێوازەش ئەو پێیوایە دەبێت کۆنفیدراڵی بێت نەک فیدراڵی، ئەمەش دەقی دیمانەکەی بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمودە لەگەڵ گوڵاندا.**

*** هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ لە قۆناغێکدایە بە بارودۆخێکی هەستەوەردا تێدەپەڕێت، لە سەرێکەوە مایەی گەشبینییە کە هەرێمی کوردستان وەك کیانێکی نیمچە سەربەخۆ سەقامگیرترین و ئارامترین شوێنە لە ناوچەکەدا، هاوکات هەڕەشەو مەترسیش لەسەر ئەوە هەیە ئەم هەرێمە لەناوببرێت، بەڕێزتان چۆن بارودۆخەکەی ئێستای هەرێمی کوردستان هەڵدەسەنگێنن؟**

- بەشێوەیەکی گشتی لە ئێستادا پێگەی کورد لە ناوخۆ و ناوچەکەشدا بەهێزە، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کورد هێزێکی بەرچاوەو باڵانسی رووداوەکانە، لە هەرێمی کوردستانیش لە مێژووی نەتەوەکەماندا پێموایە ئەمە یەکەمینجار بێت کە کورد ئەم پێگەیەی ئێستای هەیە، رەنگە ئەو سیاسەتەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان پیادە دەکرێت بەپێی یاسا سیاسەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەبێت، بەڵام شتێکی لە سەربەخۆیی کەمتریش نەبێت، خۆتان باش دەزانن ئەوەی لە کوردستان ئێمە پیادەی دەکەین، زیاترە لەو فیدراڵیەتەی باس دەکرێت تا ئاستێك رەنگە ئەمە پیادەکردنی کۆنفیدراڵیش بێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستمان بەوەیە شتەکان بخەینە چوارچێوەی یاسایی خۆیەوە، هەلومەرجەکان یارمەتیدەرمانەو دۆخەکانیش لەبارترن بۆ ئەوەی ئێمە پێگەمان پتەوتر بکەین، هەلومەرجی ناوچەکە زیاتر یارمەتیدەرە بۆ دروستبوونی ئەم دۆخەی ئێستا لە کوردستان هەیە، لەناو ئەو رەوشەی کە پێی دەوترێت بەهار یان پاییزی عەرەبی، ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە ئەوەیە، تەنیا کوردە کە ئێستا یەکڕیز و یەکدەنگ و یەکدەست و یەکهەڵوێست لە ناوچەکە مابێتەوە، بۆیە ئەمە دەرفەتێکە بۆ کورد تا ئەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی هەنگاوێك بەرەو پێشتری بەرێت، یان بیر لە کۆنفیدراڵیەت بکاتەوە، رەنگە بۆ هەلومەرجی ئێستا کۆنفیدراڵیەت باش بێت، سەبارەت بە ئەگەری بوونی مەترسیش، بێگومان مەترسیش هەیە، بەڵام من وای دەبینم بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لە ناو ماڵی کورددا هەموو ئەو مەترسیيانە دەڕەوێنێتەوە.

*** بەڵام لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی هەڵبژاردن نزیکدەبێتەوە، ئەوا هەست دەکەین سیاسەتی رۆژانە بووەتە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، ئەمە وایکردووە هەموو شتەکان لە روانگەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە تەماشا بکرێت، ئایا گرنگە لە پێناوی کۆکردنەوەی دەنگی زیاتردا بەرژەوەندییە گشتییەکان پێشێل بکرێن؟**

- پێش هەموو شتێك، نیشتمان و نەتەوەو بەرژەوەندی گشتی کورد گرنگە، چونکە حزب و هێزە سیاسیەکان ئامرازن بۆ خزمەتگەیاندن بە نیشتمان و میللەتەکە، دەنگەکانیش کە بۆ حزب کۆدەکرێنەوە ئەویش ئامرازێکە بۆ خزمەتی حزبەکە، حزبیش دەبێ خۆی تەرخان بکات

بۆ خزمەتی نەتەوەکەی، پاراستنی دەسکەوتەکان و ئەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان کە لە ئاکامی زنجیرەیەك خەباتی دوور و درێژی میللەتەکەمان هاتۆتە دی، ئەوە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە بۆ هەموو لایەکمان.

*** لە چەند رۆژی رابردوودا حکومەت رۆژی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی دیاری کرد، ئێستا ئەو سێ لایەنە خەریکی ئەوەن کاندیدێك لەلایەن خۆیانەوە دەستنیشان بکەن، بۆ سەرۆکایەتی لە کاتێکدا لە دژی ئەوەن راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە سەرۆك هەڵبژێردرێت کەچی خۆیان بەشداری دەکەن و کاندیدیشیان دەبێت، تۆ لەمبارەوە چی دەڵێیت؟**

- من پارێزەری ئەوان نیم تا لە بری ئەوان قسە بکەم، باشتروایە ئەم پرسیارە رووبەڕووی ئەوان بکەنەوە، بەڵام وەك رای ئێمە ئەو یاسایەی بۆ کاندیدکردنی سەرۆکی هەرێم دەرچووە یاسایەکە ئازادەو هەموو کەسێك دەتوانێت خۆی کاندید بکات، هەر هاووڵاتیەك چۆن دەتوانێت خۆی بۆ پەرلەمان کاندید بکات بۆ سەرۆکایەتی هەرێمیش دەتوانێت خۆی کاندید بکات، چونکە ئێمە سەرەتاش لەگەڵ ئەوەدابووین لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ئەوە بچەسپێنرێت کە هەر تاکێکی ئەم وڵاتە بۆی هەبێت خۆی کاندید بکات، یاساکەش ئازادەو رێگە بە هەموو کەسێك دەدات کاندیدی هەبێت یان خۆی کاندید بکات، ئەوەش مافێکی ئاسایی هەموو کەسێکە..

*** ئێستا لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کێشمەکێشێکی زۆر هەیە و هەر لایەنە و قسەی خۆی هەیە، ئایا ئێوە وەك حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستان لەسەر ئەم پرۆژەی دەستوورە چییە؟**

- کاتی خۆی پێش رووخانی رژێمی بەعس لە کۆیە لەسەر ئەو بابەتە ٣٦ حزب کۆبووینەوە، ئەوەی لەبیرم بێت لەوێ ئەو پرسیارە کرا بەوەی ئایا هەرێمی کوردستان دەستووری هەبێت یان نە؟ لەو کۆبوونەوەیە هەموو پێکەوە بڕیارماندا کە پێویستە هەرێمی کوردستان دەستووری هەبێت، هەمووشمان لەسەر ئەوە کۆك بووین کە پایتەختی کوردستانیش کەرکوك بێت، بەڵام دواتر هەموو لەسەر ئەوە پێکهاتین کە هەولێر پایتەخت بێت. ئەو پڕۆژە دەستوورەی کە لە پەرلەمان هێنرابووە ئەو کۆبوونەوەیە، لە پاش خوێندنەوەی هەموو لایەك پشتیوانیان لێکرد، پاشان چووەتە ناو پەرلەمان، ئینجا لە خولی دووەمی پەرلەمانیشدا لیژنەیەکیان دروست کرد، کە لە نزیکەی ١٥ کەس پێکهاتبوو وابزانم دووان سیانێکیان لە لیژنەی یاسایی ناو پەرلەمان بوون، نوێنەرایەتی پەرلەمانیان لەناو لیژنەکەدا دەکردو ئەوانی تر هەمووی پسپۆر و شارەزای یاسا بوون، لە دەرەوەی پەرلەمان خەڵکانی تر بوون کە پڕۆژەی دەستوورەکەیان رێکخست، ئەوەبوو دوایی هێنایانەوە ناو پەرلەمان، ئەمانە هەموو قۆناغە یاساییەکانی بڕیبوو، پاشان کە هاتەوە ناو پەرلەمان لەوێش گفتوگۆی لەسەر کرا، لیژنە یاساییەکان قسەیان لەسەر کرد، ئەوەبوو ماوەی پەرلەمان لە خولی دووەم کۆتایی هات، مانگێك تازە کرایەوە بەپێی یاسا چونکە ئەو کاتە بابەتی بودجە هاتبووە پێشەوە، ئەوکات بڕیار درا لە ماوەی ئەو مانگەدا بخرێتە دەنگدانەوە ئینجا بە زۆرینەی دەنگ دەستوورەکە پەسەند کرا، پێموایە تەنیا دکتۆر نووری تاڵەبانی دەنگی پێ نەدا، دواتر بە یاسایەك لە پەرلەمانەوە نێردرایە لای سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی هەرێمیش رەزامەندی لەسەر نیشاندا، تا بنێردرێت بۆ ریفراندۆم، بڕیاردرا لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ بخرێتە راپرسییەوە، بەڵام ئەوکاتە هەندێك لە ناحەزانی کورد لەناو حکومەتی عێراقی پێیان خۆش نەبوو کورد ببێتە خاوەن دەستووری خۆی، بۆیە حکومەتی عێراق هەوڵیدا لەگەڵ ئەمریکا تا دەستوورەکە نەخرێتە ریفراندۆمەوە، لەبەر ئەوە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان داوای کرد کە ناتوانێت دەستووری کوردستان بخاتە ریفراندۆمەوە، کەواتە ناحەزانی کورد لە عێراق لە هەوڵی بەردەوامدا بوون کە ئەو دەستوورە نەخرێتە ناو ریفراندۆمەوە، چونکە بە مەترسیداریان دەزانی لەسەر خۆیان بۆیە پێموایە دەستوور هەموو قۆناغەکانی خۆی بڕیوە، ئێمە ئەوساو ئێستاش جەختی لەسەر دەکەینەوە کە پێویستە دەستوور بخرێتە بەردەمی خەڵکی کوردستان، دوای ئەوەی خەڵکی کوردستان بە ئا یان بە نا رای خۆی لەسەر دا، ئیتر دوای ئەوە دەچێتەوە پەرلەمان، ئیتر لەوێ ئەو کاتە هەر بەندو خاڵێك کە نەگونجابێت لەگەڵ رای خەڵکی هەموار بکرێتەوە، جگە لەوەش من لە رووی یاساییەوە، چەندین جار پرسیارم لە یاساناسان کردووە، ئێستاش ناتوانرێت جارێکی دیکە بینێردرێتەوە پەرلەمان و تەنانەت سەرۆکی هەرێمیش ناتوانێت بینێرێتەوە پەرلەمان بە پێی یاسا، بەڵام دەتوانرێت بە پێکهاتن و سازانێك لە دەرەوەی پەرلەمان بڕیارێکی لەسەر بدرێت، خۆ هەر بڕیارێکیش لەم بارەیەوە بدرێت تۆ لە بایەخ و گرنگیی پەرلەمان کەم دەکەیتەوە، کە تۆ بە پێکهاتن لە دەرەوەی پەرلەمان هەموو شتەکان ببڕێنیتەوە کەواتە پەرلەمانت بۆچی داناوە، ئەمەی دەرەوەی پەرلەمان تەنیا دەتوانرێت بە تەوافوق هەندێ رێکەوتنی مەبدەئی بکرێت، بەڵام بە نایاسایی ئەمە دەکرێت، ئەگینا بەپێی یاسا ناتوانی نە بۆ پەرلەمانی بگێڕیتەوە و نە دەتوانیت رایبگریت.

*** بەڵام لەم دەستوورە رێگە لە هەموارکردنەوە نەگیراوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش نامەی بۆ هەموو لایەنەکان ناردووە تا تێبینی خۆیان بنێرن بۆی، ئایا ئێوە تێبینیتان لەسەر دەستوورەکە هەیە؟**

**بەم شێوازەی ئێستا کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەر نابن دەبێت بیر لەشێوازێکی تازەی پەیوەندی بکەینەوە کە ئەویش کۆنفیدرالیە**

**بۆ هەموو شتێکمان دەڵێین با بکەوێتە بەردەستی میللەت، کەچی لەمەسەلەی دەستوور دەڵێین با تەوافوقی سیاسی لەسەر بکەین و لە جیاتی خەڵکی کوردستان بڕیار بدەین**

**کۆمەڵێک خاڵی گرنگ هەیە زەرورەتی ئەوە دەخوازن کە بۆ ئەم قۆناغەش بوونی کاک مسعود بارزانی پێویست بێت بۆ ئەم هەلومەرجەی کە ئێستا هەیە لە کوردستان**

**هیچ شتێک نییە لە نیشتمان و نەتەوە گەورەتر بێت کە تۆ خەباتت بۆکردووەو شەهیدت لە پێناویدا بەخشیوەو بەرهەمەکەی گەیشتۆتە ئێرە، پاراستنی دەسکەوتەکان و ئەو ئەزموونەی کە لە ئاکامی زنجیرە خەباتێکی دوور و درێژی میللەتەکەمان هاتۆتە دی، ئەوە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە بۆ هەموو لایەکمان**

**تۆ هەموو خاڵە پێکهێنەرەکانی بوون بە دەوڵەتت هەیە لەوانە خاک و میللەت و زمان و هەست و مێژووی هاوبەش و جلوبەرگ و هەروەها پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگای کارگێڕیت هەیە، دواتر هەوڵ دەدەیت دەستوور دابنێی تا هەموو ئەمانەت بۆ ڕێکبخات**

**ناحەزانی کورد لە عێراق لە هەوڵی بەردەوامدا بوون کە ئەو دەستوورە نەخرێتە ناو ریفراندۆمەوە**

**مافی هەموو تاکێکی خەڵکی کوردستانە دەنگ بەو دەستوورە بدات و نابێت ئەو مافە لە خەڵکی کوردستان وەربگیرێتەوە**

**تا ئێستا بەرنامەی وامان نییە لیستی هاوبەش پێکبهێنین، حزبی سۆشیالیست بە تەنیا دەچێتە ناو هەڵبژاردنەکانەوە**

- هەرشتێك مرۆڤ دایبنابێت، خۆ هێندە پیرۆز نییە دەسکاری نەکرێت، ئێمە وەڵامی نامەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان لەم رۆژانەدا داوەتەوە، کۆمەڵێك تێبینیشمان نووسیوە، کە ئەو سەرنجانەمان لەسەر خاڵەکانی دەستوور هەبووە. هەندێك تێکەڵبوونی دەسەڵاتەکانی نێوان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەیە پێویستیان بە جیاکردنەوە هەیە، هەندێك خاڵی تێدایە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، بە تایبەتی لەوانەی پێوەندیدارە بە دادگای تەمییزی عێراقییەوە، پێویستە ئەو تێبینیانە بە هەند وەربگیرێن، ئینجا دواتر هەر چوار ساڵ جارێك پەرلەمان هەڵبژاردنی بۆ ئەنجام دەدرێت دەتوانرێ لەو چوار ساڵەدا پێداچوونەوە بە دەستوور بکرێت و هەموار بکرێتەوە، تا ئەو خاڵانەی پێویست نین هەموار بکرێتەوە ئەوانەشی کە پێویستە زیاد بکرێت بۆی، کۆمەڵێك خاڵ هەن دەتوانیت بە کۆی دەنگ قسەیان لەسەر بکەیتەوە، دەستوور ئیتر دەبێتە حەکەمێك بۆ هەر بڕیارێك کە دەدرێت، ئێمە قسەمان لەسەر ئەوەیە ئێستا کورد دەستووری پێویستە یان پێویستی نییە، بەڵێ کورد پێویستی بەم دەستوورەیە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەوە باشە ئەم دەستوورە کە هەموو قۆناخەکانی بڕیوە جارێکی دیکە لە نێوان ١١١ پەرلەمانتار لە ناو پەرلەماندا حەسر بکرێت، تا خۆیان چۆنیان بوێت وای لێ بکەن، یان ئەوە باشترە تاك بە تاکی خەڵکی کوردستان دەنگی بۆ بدات؟، ئێمە راپرسی لەسەر دەستوور بە مافی هەموو تاکێکی خەڵکی کوردستان دەزانین کە دەنگ لەسەر ئەو دەستوورە بدەن و ئەو مافە لە خەڵکی کوردستان وەرنەگرنەوە، باشتروایە خەڵکی کوردستان بە ئا یان بە نا دەنگەکەی بۆ بدات، دواتر بابچێتەوە پەرلەمان و لەوێ کۆمەڵێك گۆڕانکاری تری تێدا بکرێت.

*** زۆر باس لەدەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکرێت، سەبارەت بەدەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لەو دەستوورەدا رای ئێوە چیە؟**

- ئەگەر ئەو دەستوورە پەسەندبکرێت و جێبەجێ بکرێت، بڕگەکانی ئەو دەستوورە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە دەسەڵاتەکانی ئێستای کە دەستوورمان نییە کەمتر دەکاتەوە، واتە سەرۆکی هەرێم ئێستا لە نەبوونی دەستووردا دەسەڵاتی زیاترە.

*** ئۆپۆزسیۆن ئیدیعای ئەوە دەکات کە گوایە پارتی دەیەوێت بە زۆر دەستوور بچەسپێنێت گریمان ئەم ئیدیعایە راستە، باشە پارتی چۆن دەتوانێت بەبێ گەڕانەوە بۆ رای میللەت ئەم دەستوورە بچەسپێنێت، جەنابت وەك کەسایەتییەکی سیاسی ئەزموونداری لە خەباتی رزگاریخوازی کوردیدا، پێتوایە بۆچی حزبەکانی کوردستان لە گەڕانەوە بۆ دەنگی میللەت دەترسێن؟**

- دەستوور پرسێکی نیشتمانییە، دەستوور نە موڵکی پارتییەو نە هی یەکێتییەو نە هی ئەم حزب و ئەو حزبە، ئەوە دۆخ و مەسەلەی میللەتێکە، ئەم دەستوورە با بکەوێتە دەنگدانەوە، ئەگەر خەڵك دەنگی بۆ نەدا با نەیدات، ئەگەر دەنگیشیان بۆ دا، ئەو کاتە دەنگ و رای میللەت دەچەسپێت، ناکرێت ئێمە هەموو شتێکمان لە بری میللەت بێت و ببینە وەکیلی خەڵك، بۆچی لە بری میللەت بیربکەینەوە لە باتی میللەت قسە بکەین و را دەرببڕین، بۆ هەموو شتێکمان دەڵێین با بکەوێتە بەردەستی میللەت، کەچی لە مەسەلەی دەستوور دەڵێین با تەوافوقی لەسەر بکەین، کاتێك دەڵێین با تەوافوق لەسەر دەستوور بکرێت، کەواتە تۆ دەڵێی با رای میللەت وەلا بنێین و لە جیاتی خەڵکی کوردستان قسەبکەین.

*** لەگەڵ ئەوەی بەڕێز مسعود بارزانی هێشتا بە فەرمی راینەگەیاندووە کە نیازی بێت خۆی کاندید بکاتەوە بۆ سەرۆکی هەرێم، بەڵام زۆر کەس مانەوەی مسعود بارزانی لە پێگەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم قۆناغە بە پێویست دەزانن، ئایا بەڕێزتان چۆن سەیری مانەوەی بەڕێز مسعود بارزانی دەکەیت وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان؟**

- گرنگە لەم قۆناخەی ئێستا واقعبینانە سەیری رووداوەکانی ناو هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بکەین، ئێستا پێویستمان بەوە هەیە هەموومان تەواوکاری یەکتری بین، لە ئێستادا بە داخەوە مام جەلال نەخۆشەو ئەو دۆخەی کە هەیە، ئەوە کەلێنێکی دروست کردووە، بە چۆڵبوونی پێگەی ئەو، گیروگرفتەکانی لە عێراق و ناوچەکە زیاتر کردووە، بۆ مەسەلەی سەرۆکی هەرێمیش لە کوردستان ئەم قۆناغەی کە هەیە قۆناغێکی هەستەوەرە، ئەو حزبانەی کە ئێستا لە فەرمانڕەواییدان تەنیا مەسەلە کەسایەتییەکان نییە، بەڵکو مەسەلەی ئاسایش و سەقامگیری وڵات و پاراستنی کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان پێکەوە گرێدراون، هەروەها لە بواری پێوەندییەکانی دنیا لەگەڵ کوردستان، رەنگە کۆمەڵێك خاڵی گرنگ هەبێت ئەوانە هەمووی زەرورەتی ئەوەن کە ئەم قۆناغەش بوونی کاك مسعود بارزانی پێویست بێت بۆ ئەم هەلومەرجەی کە ئێستا هەیە لە کوردستان، ئەوانەی باسم کردن یەکێکە لەو خاڵانە، چونکە هەر کەسێك دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆ سەرۆك تەنیا بە قسە نابێت، ئایا سبەینێ کەسێکی دیکە بێت دەتوانێت باری ئاسایش و سەقامگیری وڵات وەك ئێستا بپارێزێت، یان دەتوانێت چارەسەری کێشەکان بە ئاسانی بکات. بۆیە پێموایە ئەمە کاتی پێویستە، هەرێمی کوردستان بە ٢٠ـ ٢٢ ساڵ گەیشتۆتە ئەم قۆناغە، رەنگە ماوەی زیاتری پێویست بێت بە ئاواتەکانی تری بگات، لەبەر ئەوە ئێمە پێمانوایە



بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا تا شتەکانمان دەچەسپێت، بەڕێز مسعود بارزانی زەرورەتە، ئەمە لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دواتر خۆ خەڵکی کوردستان ئازادیشە کێی تریش خۆی کاندید دەکات کەس ڕێگەی لێ نەگرتووە.

*** بۆ ئەمڕۆی کوردستان لەم قۆناغەدا یەکڕیزی و یەك گوتاری و یەکهەڵوێستی هەموو لایەنەکانی کوردستان بۆ بەدیهێنانی پاراستنی دەسکەوتەکان چەند گرنگە؟**

- ئێمە دۆزێکی ڕەوامان هەیە لە عێراقدا، خاوەنی ئەو دۆزەین بەڵام ئەوان لەگەڵ ئێمە کێشەیان هەیە، مەسەلەی دۆزی ئێمە لەگەڵ ئەوان و کێشەی ئەوان لەگەڵ ئێمەدا بە ئاسانی یەکلایی نابێتەوە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوان پێیان قبوڵ ناکرێت، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە زۆرجار ئەوەمان پێ دەفرۆشنەوەو دەڵێن کوردی پارچەکانی تر هێندەی ئێوەیان بۆ نەکراوە، سەبارەت بە کێشەکان ئەگەر لەسەر مەسەلەی پێشمەرگە چارەسەر بکرێن ئەوە دواتر کێشە لەسەر نەوت و غاز تێکدەچێت، ئەگەر نا لەسەر سنوور تێکدەچێت، یان ئەوەش چاك بێت لەسەر بودجە تێکدەچێت، واتا ناگەیتە ئاکام تا ئەو کاتەی شێوازێکی لەمەی ئێستا باشتر نەدۆزینەوە، ئەویش کۆنفیدراڵیەتە. لەبەر ئەوە پێموایە دەبێت بیر لە شێوازی کۆنفیدراڵیەت بکرێتەوە، ئەو کاتە هەر لایەك ناوچەی خۆیان دەبێت، هەروەها دەتوانرێت هاوکاری یەکتریش بکەین، بۆ ئەمەش یەکڕیزی نێومالّی کورد خاڵێکی گرنگە، بەڵام مەسەلەی یەکڕیزی و یەك گوتاری ئاسان نییە، بۆیە لانی کەم گرنگە لە چوارچێوەی زۆرینەی بۆچوونەکاندا یەکگرتوویی هەبێت و، هەنگاوی باشتری لەدوا دەنرێت، خۆ ئەگەر یەکڕیزی هەموو هێزەکان هەبێت، پێویستە دوولایەنە بێت، هەم لایەنی دەسەڵات ڕەچاوی بکات و هەم لایەنی بەرانبەریش کاری لەسەر بکات، ئەو کاتە کورد لە دەرەوەو ناوەوەش دەبێتە هێزێکی تۆکمەتر..

*** ئێوە لەگەڵ ئیسلامیەکان بە یەك لیست بەشداری هەڵبژاردنتان کرد، ئەی ئەمجارەیان چۆن بەشداری هەڵبژاردن دەکەن؟**

- ئێمە لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا هەر لە ساڵی ١٩٩٢ تا ئێستاش بەشداریمان کردووە، لە خولەکانی پەرلەمان بەشداریمان هەبووە، ئێستاش بەشداریبوونمان پێوەندی بە یاساکانەوە هەیە، ئێمە بە تەنیا خۆمان ئامادە دەکەین بۆ هەڵبژاردن، تێبینیمان هەبوو لەسەر ئەوەی یاسایەکە ببێتە یاسای نیمچەکراوە، ڕەنگە باشتر و دیموکراتیتر و ئازادانەتر بێت، کە لە ناو لیستێکدا کەسێك بیەوێت دەنگ بۆ کام کەسایەتی بدات، چاوەڕوانی ئەو یاسایانە دەکەین، ئەگینا تا ئێستا بەرنامەی وامان نییە لیستی هاوبەش پێکبهێنین، حزبی سۆشیالیست بە تەنیا دەچێتە ناو هەڵبژاردنەکانەوە..

# مسعود بارزانی خۆی ئامادە دەکات بۆ لەحزەی پێویست



ئازا حەسیب قەرەداخی
دوو هەفتە جارێک بۆ گوڵانی دەنووسێت

لە هەفتەی رابردوودا بە ناونیشانی (مسعود بارزانی، هەڵکشان بۆ سەرووتر لە فیدراڵی) وتارێکم لە رۆژنامەی «ئاوێنە»دا بڵاو کردەوە. پوختەی وتارەکە بریتییە لەوەی گەلانی بن دەست کە لە قۆناغی رزگاری نیشتمانی و لەسەروەختی بڕیاری چارەنووسسازدا بوون، بەبێ رابەرانی میللی مێژوو کرد نەیانتوانیوە لە وەرچەرخانەکاندا رێی دروست بدۆزنەوە و ئەو قۆناغە تێپەڕێنن.

ئەزموون و مێژووی کۆن و نوێی میللەتان ئەم راستییەمان بۆ دەسەلمێنن. جیا لەوەیش ئەزموون و مێژوویەکی دیکەمان چنگ ناکەوێ. تەنانەت نەمانزانیوە هیچ میللەتێك لە قۆناغی لەمجۆرەدا موجازەفەی وەهای کردبێ کە بەبێ رابەرێکی بەرچاورۆشن و بڕیاردەر و جەسوور، خۆی لەقەرەی تێپەڕاندنی وەرچەرخانە مێژووییەکان دابێ.

بزووتنەوەی رزگاریی کوردستان قۆناغەکانی دەستکەوتنی مافە ئیداری و رۆشنبیرییەکان، پاشان لامەرکەزییەت و، ئینجا ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی راستەقینەی بە رابەرایەتی (مستەفا بارزانی نەمر) بڕیوە و قۆناغی فیدرالییەتیشی بە رابەرایەتی (مسعود بارزانی) و (جەلال تاڵەبانی) دامەزراندووە. ئێستا قۆناغی هەڵکشانە بۆ سەرووتر لە فیدرالی، ئەوەیش لە دوو بژاردەدا:

١- کۆنفیدراڵی

٢- جیابوونەوە لە دەوڵەتی عێراق، واتە سەربەخۆیی

(مسعود بارزانی) وەکو رابەر و وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەمیشە پێداگیریی لەسەر رەوایی پرسی سەربەخۆیی کردووە و رایگەیاندووە کە ئیتر فیدراڵی بژاردەیەك نییە گەنج و رۆڵەی کوردستانی بۆ فیدا و قوربانی بکرێ. کە قۆناغ بگاتە وەرچەرخان ئەوسا بۆ سەرووتر لە فیدرالی قوربانی دەدەین.

دەستوور و دانانی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی وزە و نەوتی جیهان و جموجووڵی دیبلۆماتی و سیاسی و فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی ناوچەیی و عەرەبی و نێودەوڵەتی، بزاوتی هەڵکشاو و فراوانی سەرمایەگوزاری، بنەما پتەوەکانی خۆسازدانە بۆ ئەو ساتە مێژووییە کە بڕیاری هەڵکشان بۆ سەرووتر لە فیدراڵی تێدا دەدرێ.

دەستوور بنەمایەکی یاسایی بۆ ئەو ساتە وەختە دروست دەکات کە ناهێڵێ هەرێمێکی کۆنفدراڵی یان تازە سەربەخۆ دووچاری بۆشایی دەستووری بێت. بەڵکو دامەزراوە سەروەرییەکان لەسەر زەوینەی پتەوی دەستوور درێژە بە کار دەدەن و ئامادەباشی دەکەن بۆ هەمووارکردنی دەستوور تا بیگونجێنن لەگەڵ هەڵکەوتی نوێی هەرێمی کوردستاندا. ئەو رایەڵانەی بە عێراقییەوە گرێ دەدەن لە رایەڵی فیدراڵییەوە دەیگۆڕن بە رایەڵگەلێکی کۆنفدراڵی یان بۆ یەکجاری لێی دەردەهێنن.

بێگومان ئەگەر بە رێژەیەکی کەمیش بێ، پێشبینی ئەوە دەکرێ کە ماوەی گواستنەوە لە فیدراڵییەوە بۆ کۆنفدراڵی یان سەربەخۆیی، بۆ خەڵکی کوردستان کێشە و سەختی ژیاریی دروست بکات.

نازانرێ ئەو ماوەیە چەند دەخایەنێ و ناشزانرێ هەڵگری چ ئەگەر و پێشهاتێك دەبێ. بۆیە پێویستە رەچاو بکرێ و پێشوەختە

ڕێکارگەلێکـــی یەدەگی بۆ بەرەنگاربوونەوە و چارەســـەرکردنی لێکەوتەکانی دابنرێ. بەم لۆژیکە ئیش کردن لەسەر بواری نەوت و وزە و ســـەرمایەگوزاری بریتییە لە زەوینەســـازی بۆ توانای بەرگەگرتنی میللەت لەبەرامبەر ئەگەرەکانی کێشە و ناڕەحەتی کاتیـــی تا ئەو کاتەی کۆمەڵـــگای نێودەوڵەتی و ئیقلیمی دان بە قەوارەی نوێی هەرێمی کوردســـتان و هەڵکەوتە یاســـایی و سیاسییە نوێیەکەیدا دەنێن و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

زۆرتـــر مەزەندەی ئـــەوە دەکرێ کە ئەو ماوەی گواســـتنەوەیە، زۆر نەخایەنـــێ و زۆریش بە کێشـــە و گرفت نەبێ. بەتایبەتی ئەگەر لەبەر ڕۆشـــنایی جموجوڵ و دەســـتکەوتە دیبلۆماسی و ئابوورییەکانی چەند ساڵی ڕابردوودا بپێورێ.

هەرێمی کوردســـتان پەیوەندی باشی لەسەر ئاستی ناوچەیی و عەرەبی و ئەوروپایی و ئەمریکایی و ڕووسیایی و غەیری ئەوان دروست کردووە. زوربەی زۆری ئەوان دەوڵەتان کونسوڵخانەیان لە هەولێر هەیە. سەرمایەگوزارییان لە بواری جۆراوجۆر لە هەرێمی کوردســـتاندا هەیە. کۆمپانیا گەورەکانی نەوت، ئیکسۆن مۆبیل و تۆتـــاڵ و چەندینی دیکە، تیمەکانی پشـــکنین و دۆزینە و بەرهەمهێنانیان لە هەرێمدا هەیە.

هەرێمی کوردســـتان جگە لەوەی خراوەتە سەر نەخشەی وزە، کە مانای وایە خراوەتە ســـەر نەخشەی سەروەریی، هەروەها لەسەر نەخشـــەی ئاشـــتی و پێکەوەژیان و ئارامییە. فاتیکان و ناوەندە دەستڕۆیشتووەکانی مەسیحی لە جیهاندا چاویان لێرەیە کە بۆتە پەناگەی ئارام بۆ هەموو ئەو کریســـتیانانەی لە سەرانســـەری عێراقەوە لەدەســـتی تیـــرۆر هەڵدێن. ئەمە بـــۆ ئایین و ئایینزا و مەزهەبەکانیش دروســـت و راســـتە. تەنانەت ئەو «عمر» و «علی»یەی لە بەغدا و شـــارەکانی ناوەڕاستی عێراق، تەنیا لەسەر ناوەکانیان یەکتر دەکوژن، لێرە لە هەرێمی کوردستان پێکەوە دەژین و هاوســـێی یەکترن و لەیەك شوێندا پێکەوە کار دەکەن و سوودمەندن لە هەموو ئەو ئارامی و خۆشگوزەرانییەی هەرێمی کوردستان بۆی فەراهەم کردوون.

زوربەی پێدراوە سیاسی و یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان وەهامـــان نیشـــان دەدەن کە ماوەی گواســـتنەوە لە فیدراڵی بۆ کۆنفیدراڵی یان ســـەربەخۆیی هەم درێژ ناخایەنێ، هەم زۆریش سەخت و بە کێشە نابێت.

گوتار و جموجوڵەکانی ســـەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان زۆریان لەو ئاماژانە تێدایە کە ئەوســـەری تونێلەکە بـــە فیدراڵی نابینرێ، بەڵکو بە هەڵکەوتێکی نوێ کە لە کۆنفیدراڵی کەمتر نییە، دەبینرێ.

«تۆغچە ڤوراڵ ســـەڤیم» کە یەکێکە لە ئەکادیمیســـتەکانی (ناوەندی سەدەی ٢١) کورتە توێژینەوەیەکی لەبارەی ڕووداوگەلی ئەم دواییەی ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردســـتان نووســـیوە. کورتەی ئەم توێژینەوەیە لەلایەن نووسەر «ئومێد بوزداغ» لە ڕۆژنامەی «یەنی چاغ» لەژێر ناونیشانی (ڕادەســـتکردنەوەی کەرکوك بە بارزانی) دا بڵاوکراوەتەوە. ئەم وتارە کراوەتە ســـەر زمانی کوردی و لە ماڵپەڕی ڕەسمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە.

لەو توێژینەوەیەدا ئاماژە بە وتەکانی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردســـتان کراوە لە ٣١ـەمین کۆبوونەوەی کۆنســـەی تورکیا و ئەمریکا، کە ســـاڵی ٢٠١٢ لە واشـــنتۆن، پایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەســـتراوە و وتوویەتی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لە ساڵی ٢٠١٣ دا دەکەونە قۆناغێکی نوێی گرنگەوە و سەرتای ئەم پەیوەندییە نوێیانەیش بە ڕاکێشانی بۆری گواستنەوەی نەوت لە کوردستانەوە بۆ تورکیا و لەوێوە بۆ بازاڕەکانی جیهان دەست پێ دەکات.

کۆمێنتی نووســـەر لەســـەر ئەم وتانەی نوێنـــەری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ( بە پارەی تورکیا دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێت).

هەرچەنـــدە هەندێ ناوەندی سیاســـی و ئابـــووری و میدیایی لـــە تورکیا، تەنانەت لە ئەمریکایـــش وەهایان مەزەندە دەکرد کە ئەمریکا خۆشـــحاڵ و ڕازی نییە کە بـــۆری نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە ڕاستەوخۆ ڕاکێشرێ بۆ تورکیا و بەندەرەکانی، بەڵام لە دوا سەردانی سەرەکوەزیرانی تورکیا، تەیب ڕەجەب ئۆردوگان بۆ ئەمریکا دەرکەوت کە ئەمریکایش سیاسەتی خۆی لەمبارەیەوە گۆڕیوە و دژی مۆرکردنی گرێبەستی دروستکردن و ڕاکێشانی بۆری نەوت نییە لە نێوانی ئەو دووەدا، تەنانەت ئێســـتا گەورە کۆمپانیای نەوتی ئەمریکایی، ئیکسۆن مۆبیل لەگەڵ هەردوو کۆمپانیـــای تورکیا بۆتاش و تیپیك لەشـــەش شـــوێنی جیای هەرێمی کوردســـتان کە سێیان دەکەونە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی عێراق و تەنیا بە گرێبەســـت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، پشکنین بۆ نەوت دەکەن.

بە پێی زانیارییەکانی ئەو توێژینەوەیە، یەکێك لەو سێ شوێنەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردســـتان کە لە دەستووری عێراقدا بە «ناوچەی کێشەلەسەر» ناسێنراون، کەرکووکە.

بەمەیشـــدا توێژەر بەو دەرەنجامە دەگات کە ئەم کارەی ئیکسۆن مۆبیل بە هـــاوکاری کۆمپانیاکانی تورکیا دەیکات مانای وایە کە ئەمریکا بە هاوکاری تورکیا کەرکووکی ڕادەســـتی بارزانی کـــردووە و دەرگای بـــازاڕی جیهانی بـــۆ حکومەتی هەرێمی کوردســـتان کردۆتەوە و دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە پاڵپشـــتی هێزە جیهانییەکان ئەو ناوچانـــەی کە پێیان دەڵێن ناوچە کێشەلەسەرەکان بە کەرکووکیشەوە هەرهەموویان دەخاتەوە ژێـــر کۆنترۆڵی خۆیەوە و بەمجۆرە هیچ ئاســـتەنگێك لەبەردەم ڕاگەیاندنی ســـەربەخۆیی کورد و دەوڵەتی کـــورد لە عێراق و ناوچەکەدا نامێنێت.

ئەگەرچی دەشـــێ توێژەر مەبەســـتی لەم دەرەنجامە لە حاڵی حازردا نەبێت، یان لانی کەم مەبەســـتی لەوە نەبێ کە لە ٢٠١٣ دا ئەمـــە ڕوو بدات، بـــەڵام کە لە هەفتەی ڕابـــردوودا «جۆن بایدن» جێگری ســـەرۆکی ئەمریکا نەخشەڕێیەکەی خۆی بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــە و قەیرانەکانی عێراق، لە دابەشکردنی عێراق بۆ ســـێ فیدراڵـــی، دووپات کردەوە، هەســـت دەکرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا پارچەپارچەکردنی عێراق ببینرێ.

ئێســـتا ئەوەی لە هەرێمی کوردستانیشـــدا دەبینرێ ئەوەیە کە ســـەرۆکی هەرێم (مسعود بارزانی)یش خۆی ئامادە دەکات بۆ لەحزەی پێویست.

**هەرێمی کوردستان پەیوەندی باشی لەسەر ئاستی ناوچەیی و عەرەبی و ئەوروپایی و ئەمریکایی و رووسیایی و غەیری ئەوان دروست کردووە، زۆربەی زۆری ئەوان دەوڵەتان کونسوڵخانەیان لە هەولێر هەیە**

**فاتیکان و ناوەندە دەستڕۆیشتووەکانی مەسیحی لە جیهاندا چاویان لە هەرێمی کوردستانە کە بۆتە پەناگەی ئارام بۆ هەموو ئەو کریستیانانەی لە سەرانسەری عێراقەوە لەدەستی تیرۆر هەڵدێن**



# ڕژێمی ئەسەد بۆ مانەوەی خۆی پەنا بۆ هەموو کارتێک دەبات

## نەتەوەیەکگرتووەکانیش خۆی بۆ کارەساتێکی مرۆیی گەورە ئامادە دەکات



((لە گەورەترین بانگهێشتی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نەتەوە یەکگرتووەکان داوای ئەوە دەکات هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠١٣، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵمەتێکی گەورە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك بەبڕی ٥,١ ملیار بۆ سوریا ئەنجامبدات، لەبەر ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشبینی ئەوە دەکات لە شەش مانگی داهاتوو ژمارەی پەنابەرانی سوریا لە ١,٥ ملیۆن کەسەوە بگاتە ٣,٥ ملیۆن کەس، ئەم مەزندەیەش لەسەر ئەو بنەمایە کراوە کە کەمپەکانی پەنابەران ڕۆژانە پێشوازی لە ٧ هەزار پەنابەری سوری دەکەن، هەروەها لە بانگێشتکەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتووە هەتا کۆتایی ئەمساڵ ١٠ ملیۆن هاووڵاتی لەناو سوریا کە دەکاتە نیوەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە و، پێویستیان بە هاریکاری مرۆیی دەبێت، بەپێی لێدوانی ڕێکخەری کاروباری پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، لە ئێستادا ٧ ملیۆن هاووڵاتی سوری ئەوانەی لەناوخۆی سوریا لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان پەراگەندە بوون پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی هەیە، هەروەها ڕێکخراوی یونسیفیش ڕایگەیاندووە کە ٤ ملیۆن منداڵی سوری پێویستیان بەهاریکاری بەپەلەی

**پێش ئەوەی کۆنگرەی جنێف ٢ گرێبدرێت، رژێمی ئەسەد دەیەوێت پێگەیەکی بەهێزی هەبێت، لەبەرامبەردا هەتا ئێستا ئۆپۆزسیۆنی سوریا نەگەیشتۆتە ئەوەی بەچ وەفدێک بەشداری لەو کۆنگرەیە بکات**

**روسیا دەیەوێت جێگەی پێی خۆی بە رێگەی شەرعیەتی نێودەوڵەتی لە سوریا بکاتەوە، بەتایبەتیش کە لە چەند رۆژی رابردوو جۆن مەکینی گەورە سیناتۆری کۆمارییەکانی ئەمریکا سەردانی ئەو ناوچانەی کرد کە لەژێر دەستی چەکدارانی سوپای سوریای ئازاد بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەریەک لە هێزە نێودەوڵەتیە گەورەکان دەیانەوێت لەسەر خاکی سوریا بوونیان هەبێت**

کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی هەیە)).

ئەم بانگێشـــتە گەورەیەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەوەی تەنیـــا پیشـــاندانی رەهەندەکانی ئەو کارەســـاتە مرۆییەیە کە لەبارودۆخی ئێســـتای سوریا چاوەڕوان دەکرێت، لەهەمانکاتدا لەنێو پیشـــاندانی رەهەندەکانی ئەو کارەساتە مرۆییە پەردەی لەســـەر کۆمەڵێك رەهەندی سیاســـیی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتـــی لاداوە، کە چاودێری سیاســـیی دەتوانێت لەنێو رەهەندەکانی پێشـــبینی بۆ ئەو کارەســـاتە مرۆییە گەورەیە، بەتـــەواوی ئـــەو رەهەندە سیاســـیە هەرێمـــی و نێودەوڵەتیانە بخوێنێتەوە کە بوونە ئەو فاکتەرانەی کە مەزندەی ئەو کارەساتە گەورەیـــەی لێدەکرێت، لێـــرەدا بەکورتی ئامـــاژە بەو رەهەندە سیاسیانە دەکەین:

١- بارودۆخی ئێســـتای سوریا وەك پرۆفیسۆر ئەدریە لاورانس ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی شیکاگۆ بۆ ئەم راپۆرتە بەگوڵانـــی راگەیاند: (هاتنە ناوەی هێزەکان بە ئاشـــکرا بۆ ناو قەیرانی ســـوریا، بووە هۆکاری ئەوەی پتر پەردە لەســـەر ئـــەو هاوپەیمانێتیە لادا کە پێشـــتر بوونی هەبوو، نەك بووبێتە هۆکاری دووبارە دارشتنەوەی هاوپەیمانێتیەکان)). کەواتە ئەم خوێندنەوەی پرۆفیسۆر ئەدریە لاورانس ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر پێشـــتر هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان لەسەر دۆسیەی سوریا دابەشبوو بن، ئەوا لە ئێستا بەهۆی ئەوەی قەیرانەکە زیاتر ئاڵۆز بووە، ئەوا ئێســـتا بۆتە گۆڕەپانی جەمسەربەندی نێوان هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان، ئەم جەمسەربەندیەش بێگومان نەك بارودۆخەکە بەرەو چارەسەر نابات، بەڵکو ئاڵۆزتری دەکات و زیاتر ئەگەری رووداني کارەساتی مرۆیی لێدەکرێت.

٢- ئەم دابەشـــبوونە بەســـەر لایەنگرانی رژێمی ئەســـەد و لایەنگرانی ئۆپۆزســـیۆن و ســـوپای ئازادی ســـوریا، تەنیا دابەشـــبوونێکی سیاسیی نییە، بەڵکو دوای ئەوەی حزبوڵڵا بە ئاشکرا هاتە ناو هاوکێشە سەربازییەکە بۆ بەرژەوەندی رژێمی ئەســـەد و هاتنی چەکداری حوسیەکان لە یەمەن و ئێستا باس لەوە دەکرێت کۆمەڵێك لە ئەفســـەرانی کۆریای باکور هاتوون، لەبەرامبـــەردا دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا بڕیاریاندا گەمارۆی پێدانی چەك بۆ ســـوپای ئازادی سوریا هەڵبگیرێت و دوای ئەم بڕیارەش روسیا رایگەیاند بەشێکی دیکەی رۆکێتی S٣٠٠ دەداتە رژێمی ئەســـەد، ئەوا ئەمەش مانای ئەوەیە ئاســـتی شەڕەکە بەرەو خوێناوی تر دەچێت و چەند شەڕەکەش خوێناوی تر بێت هێندە مەترســـی دروست بکات، سەبارەت بەم مەترسیە پرسیارمان لە پرۆفیســـۆر کریستۆفەر فلیبس گەورە تۆژەری ئامۆژگای چاتام هاوســـی بەریتانی و تایبەتمەند لەسوریا کرد، ئەویش ســـەبارەت بەم مەترســـیە بەمجـــۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: (هەر لە ســـەرەتای بـــە نێودەوڵەتیبوونی ناکۆکیەکەوە، ئەوە ئاشکرابوو کە ئێران و روسیا پشتیوانی ئەسەد دەکـــەن و تورکیا و قەتەر و ســـعودیە و کۆمەڵگەی رۆژئاوا دژ بە ئەسەد دەوەســـتنەوە و فشاری لەسەر دروست دەکەن بۆ ئەوەی دەست لە کاربکێشێتەوە. دواتر هەڵکشانێکمان بینی لەو رووەوە، هەر لە فشاری دیپلۆماسیەوە بۆ فشاری ئابووری. کە ئەمەش کاردانەوەی لێکەوتەوە و دیسان روسیا و ئێران پشتیوانی ئابووریان کرد و لە رووی داراییەوە هاوکاری —ئەسەدیان- کرد، ئێســـتا قەیرانەکە تەواو هەڵکشاوە و وڵاتانی کەنداو کار دەکەن بۆ ناردنی چەك بۆ شۆڕشـــگێڕان و ئێستاش یەکێتی ئەوروپا بەگشـــتی و فەرەنسا بەتایبەتی باس لە ناردنی چەك دەکەن و بە دڵنیاییەوە ئەمـــەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی بەرەکەی دیکە زیاتر رژێمی ئەســـەد پڕ چەك بکەن، ئـــەم هەوڵە دوولایەنەیە بۆ چەکدارکردنی زیاتری هـــەردوولا حەتمەن دەبێتە هۆکاری کوشتن و کاولکاری زیاتر، کەواتە ئامرازی کوشتن بە یەکتری دەدەن، بەڵام فاکتەرەکانی پشت ناکۆکیەکە ئاڵۆزترن)).

٣- لەســـەر ئـــەم زەمینە دژوارە باس لـــە کۆنگرەی جنێف ٢ دەکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت کێشـــەو قەیرانی سوریا بە ئاشتی چارەسەر بکرێت و، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵە نێودەوڵەتیە رژێمی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی لە هەوڵی ئەوەدان هاوسەنگی هێز لەسەر زەوی بگۆڕن دوای ئەوەی شارۆچکەی ئەلقوسەیر بە پشـــتیوانی حزبوڵڵا لـــە چەکدارەکان وەرگیرایەوە، ئێســـتا لەهەوڵی وەرگرتنەوەی شـــاری حەمسیشـــە، ئەمەش مانای



ئەوەیە پێـــش ئەوەی کۆنگرەی جنێـــف ٢ گرێبدرێت، رژێمی ئەسەد دەیەوێت پێگەیەکی بەهێزی هەبێت، لەبەرامبەردا هەتا ئێستا ئۆپۆزسیۆنی ســـوریا نەگەیشتۆتە ئەوەی بەچ وەفدێك بەشـــداری لەو کۆنگرەیە بکات، هەر بۆیە سەبارەت بەم لایەنە گوڵان پرســـیاری لە پرۆفیســـۆر داڤید بۆتەر پســـپۆر لەسەر هەردوولایەنی سیاسی و ئابووری سوریا کرد و ئەویش بەرامبەر کۆنگرەی جنێف بەمجۆرە بێ ئومێدی خۆی پیشانداو گووتی: (زۆر زەحمەتـــە کۆنگرەی جنێف ٢ بتوانێت قەیرانی ســـوریا چارەســـەر بکات، لەبەر ئەوەی پێدەچێت موعارەزە و حکومەت زۆر لێکدووربن بۆ ئەوەی بتوانن لەبارەی پرســـێکەوە گفتوگۆ بکەن، هەروەها کۆدەنگیەکی نێودەوڵەتیش نییە لەبارەی ئەوەی چۆن میکانیزمێك دابنرێت سەبارەت بە چۆنیەتی بەرەوپێشچوون بۆ هێنانەدی قۆناغێکی ئینتیقالی لە سوریادا)).

کەواتــە لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا کە هۆکارە بابەتیەکان قەیرانەکە بەرەو کارەساتی مرۆیی دەبەن نەك بەرەو چارەسەری ئاشتیانەی کێشــەکە، ئەوا ئەو مەزندەی نەتەوەیەکگرتووەکان پێشــبینی کردووە. چاوەڕێی ئاییندەی سوریا دەکات.

**سوریا لە کێشەیەکی ناوخۆییەوە بۆ قەیرانێکی نێودەوڵەتی**

دوای دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی لە بەرزاییەکانی جۆلان، ئێســتا ئیسرائیل مەترســی ئەوەی هەیە کە ئاڵۆزی بکەوێتە ئەو بەشــەش کەدەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئیسرائیل، بەتایبەتی کە ئێســتا ئەو هێزە ئاشــتیپارێزەی کە هێزێکی نەمساوییە و ئەرکــی پاراســتی ئەو ســنورەیە، داوای کــردووە لە جۆلان بکشــێتەوە، لەبەرامبەردا راستەوخۆ فلادیمر پۆتینی سەرۆکی روسیا رایگەیاندووە کە روسیا ئامادەیە هێزێك بۆ جێگرتنەوەی هێزەکانی نەمســا بنێرێت بۆ جۆلان، ئەم هەنگاوەی سەرۆکی روسیا لەگەڵ ئەوەی ئەم پێشنیارەی گرێداوەتەوە بەوەی روسیا ئەو کاتە هێــز دەنرێرێت ئەگەر نەتــەوە یەکگرتووەکان داوای لێ بکەن، ئەمە ئەگەر دیوێکی هەڵکشــانی قەیرانەکە بێت، بەڵام دیوێکی دیکەشی لێدەخوێنرێتەوە بەوەی روسیا دەیەوێت جێگەی پێی خۆی بە رێگەی شەرعیەتی نێودەوڵەتی لە سوریا بکاتەوە، بەتایبەتیش کە لە چەند رۆژی رابردوو جۆن مەکینی گــەورە ســیناتۆری کۆمارییەکانی ئەمریکا ســەردانی ئەو ناوچانەی کرد کە لەژێر دەســتی چەکدارانی سوپای سوریای ئــازاد بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەریەك لە هێزە نێودەوڵەتیە گــەورەکان دەیانەوێت لەســەر خاکی ســوریا بوونیان هەبێت، هەروەها ئەم ســەردانەی چۆن مەکین بە جۆرێك لە گوشــار دەخوێنرێتەوە بۆ ســەر ئیدارەی ئۆبامــا بۆ ئەوەی هەنگاوی زیاتر بەرەو دەســتێوەردانی سەربازی لە سوریا هەڵبگرێت، ئەم پرســە لەگەڵ ئەوەی زۆربەی چاودێران وەك ئەگەرێکی دوور ســەیری دەکەن، بەڵام ئەو گۆڕانکارییە لــە ئیدارەی ئۆباما

بەنیازە بکرێت بەوەی ســۆزان رایس لــە نوێنەری ئەمریکا لە نەتەوەیەکگرتووەکان لاببرێت و بکرێتە راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشــی نیشــتمانی و هەروەها دانانی ســامنتا باوز وەك جێگرەوەی رایس لە نەتەوەیەکگرتووەکان، بەو جۆرە سەیر دەکەن، ئەو دوو کەســە کە یەکێکیان دەبێتــە راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاســایش کە بەرزترین پۆســتە لە ئیدارەی ئەمریکا، هەروەها نوێنەری ئەمریکا لەنەتەوە یەکگرتووەکان، دەتوانن کاریگەریان لەســەر ئۆباما هەبێت بۆ ئەوەی بڕیارێك وەربگرێت کە رێگە نەدات ئەو کارەساتە گەورە مرۆییەی چاوەڕێ دەکرێت لەسوریا رووبدات، بە دەســتێوەردانی ســەربازی رێگەی لێ بگیرێت، سەبارەت بە بەرهەڵستکاری هەردوو جۆن کیری وەزیری دەرەوە و چاك هــاگل وەزیری بەرگری ئەمریکا بۆ دەســتێوەردانی ســەربازی، چاودێران پێیانوایــە ئەگەر ئۆبامــا بگاتە ئەو قەناعەتەی کە رێگەچارەی دیکە نییە بێجگە لە رێگەچارەی ســەربازی بۆ رێگرتن لە کارەســاتی مرۆیی لە سوریا، ئەوا بڕیاری سەرۆك یەکلایکەرەوەیە و چاك هاگل و جۆن کیریش بە بەرپرسی نەرم لە ئاستی ئۆباما ناسراون و بڕیارەکەی سەرۆك جێبەجێ دەکەن، بەڵام پرســیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەگەر هەتا ئەمریکا ئەم بڕیارەشــیدا و بڕیارەکەشی بووە بڕیاریکی نێودەوڵەتی یان ئەگەر نەشــبێتە بڕیارێکی نێودەوڵەتی لەژێر چەتــری ناتۆ ئەنجامبدرێت، ئایا ئەمە نابێتە هۆکاری ئەوەی هەمان سیناریۆی ساڵی **١٩٥٣** کۆریا دووبارە بێتەوە و سوریاش وەك کۆریا لەنێوان روســیا و ئەمریکا دابەش بکرێت؟ سەبارەت بەم لایەنــە چاودێران پێیانوایە لەگەڵ ئــەوەی لەم قۆناخەدا لەلایەن رژێمی ئەســەد و ئۆپۆزسیۆنەوە بەهیچ جۆرێك باسی ئەم پرســە ناکرێت و لەسەر ئاســتی نێودەوڵەتیش پشتگیری لە دابەشکردنی ســوریا ناکریت، بەڵام ئەگەر بارودۆخەکە بەو ئاراســتەیە بڕوات بەرەو کارەساتی مرۆیی هەنگاو هەڵبگریت، ئەوا دەرگای هەموو ئەگەرێك واڵا دەبێت.



**چاودێران پێیانوایە ئەگەر ئۆباما بگاتە ئەو قەناعەتەی کە رێگەچارەی دیکە نییە بێجگە لە رێگەچارەی سەربازی بۆ رێگرتن لە کارەساتی مرۆیی لە سوریا، ئەوا بڕیاری سەرۆک یەکلایکەرەوەیە و چاک هاگل و جۆن کیریش بە بەرپرسی نەرم لە ئاستی ئۆباما ناسراون و بڕیارەکەی سەرۆک جێبەجێ دەکەن**

داڤید پۆتەر بۆ گوڵان:

# قەیرانی سوریا لەوە گەورەتر و ئاڵۆزترە بە کۆنگرەی جنێف ٢



**پرۆفیسۆر داڤید پۆتەر پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر هەردوو بواری سیاسیی و ئابووری سوریا و یەکێکە لە توێژەرانی ئامۆژگای چاتام هاوسی بەریتانی و، بۆ ئێستای بارودۆخی سوریا یەکێکە لەو شرۆڤەوانە جیهانیانەی کە زۆبەری میدیاکانی جیهان لەسەر پرسی سوریا لێدوانی لێوەردەگرن، سەبارەت بە ئەگەری سەرکەوتنی کۆنگرەی جنێف ٢ و چارەسەری کێشەی سوریا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، پرۆفیسۆر داڤید پۆرتەر لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو:**

قەیرانی سوریا بە رادەیەك ئاڵۆز بووە، بیرکردنەوە لە مەسەلەی چارەسەری ئاشتیانەی زەحمەتکردووە، پێدەچێت هەردوولایەنی ئۆپۆزسیۆن و رژێمی ئەسەد زۆر لێکدووربن بۆ ئەوەی بتوانن لەبارەی پرسێکەوە گفتوگۆ بکەن، هەروەها کۆدەنگیەکی نێودەوڵەتیش نییە لەبارەی ئەوەی چۆن میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆ چۆنیەتی بەرەوپێشچوون و بۆ هێنانەدی قۆناغێکی ئینتیقالی لە سوریادا. بۆیە کە باسی کۆنگرەی جنێف ٢ دەکرێت وەك دەروازەیەك بۆ چارەسەری ئاشتیانەی قەیرانی سوریا، پێموایە هێشتا زەمینەی سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە دروست نەبووە، لایەنە جیاوازەکان مەرجی جیاواز دادەنێن بۆ ئەوەی ئۆباڵی شکستەکە بخەنە ئەستۆی لایەنەکانی دیکە، لەبەر ئەوە کاتێك روسیا دەڵێت پێویستە ئێرانیش ئامادە بێت و تەنیا هاوپەیمانی نیشتمانی ئامادە نەبێت، بەڵکو لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن، ئەوا وڵاتانی دیکە، وەك سعودیە و ئەمریکا و ئەوروپا بەرهەڵستی ئەمە دەکەن، ئەوکاتە روسیا دەتوانێت بڵێت کۆنگرەکە لەبەر نا مەنتیقی بوونی لایەنەکانی دیکە شکستی هێنا، و لایەنەکانی دیکەش دەڵێن روسیا کارێکی کرد کۆنگرەکە شکست بهێنێت بە دانانی مەرج، هەربۆیە لەگەڵ ئەوەی ناتوانین دڵنیابین کە بڵێین گەیشتۆتە حاڵەتی شکستهێنان، بەڵام ئومێد هەڵچنینیش لەسەر ئەو کۆنگرەیە کارێکی زۆر قورس دەبێت، هاوکات لە نزیکبوونەوە بۆ کۆنگرەی جنێف ٢ گۆڕانکاری دیکە دەبینین، هەر بۆ نموونە چوونی سیناتۆر جۆن مەککین، بۆ نێو ئەو خاکانەی سوریا کە لە ژێر کۆنترۆڵی ئۆپۆزسیۆندان، ئەمە پەیامێکی تێکەڵاومان پێدەدا، بەوەی تێڕوانینێك هەیە لە نێو ئەنجومەنی سەنات و کۆنگرێسی ئەمریکا کە پێیوایە پێویستە ئەمریکا چالاکتر بێت لە پشتیوانیکردنی ئۆپۆزسیۆن و بەرەنگاربوونەوەی رژێمی ئەسەد، ئیتر لەڕێی دابینکردنی پشتیوانی سەربازیەوە بێت، یان دەستێوەردانی سەربازی راستەقینەوە. بەڵام

کریستۆفەر فلیپس بۆ گوڵان:

# نە رژێمی ئەسەد و نە ئۆپۆزسیۆن سەرکەتوونابن، بەڵام سوریا



**پرۆفیسۆر کریستۆفەر فلیپس تایبەتمەندە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و سوریا بە تایبەتی و یەکێکە لە توێژەرە گەورەکانی ئامۆژگای چاتام هاوسی بەریتانی و بەردەوام لەسەر رەوشی سوریا دەنووسێت، بۆ قسەکردن سەبارەت بەو بارودۆخەی ئێستا سوریای پێدا تێدەپەڕێت و بۆتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان، پرۆفیسۆر کریستۆفەر فلیپس لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

هەر لە سەرەتای بە نێودەوڵەتیبوونی قەیرانی سوریاوە، ئەوە ئاشکرابوو کە ئێران و روسیا پشتیوانی ئەسەد دەکەن و تورکیا و قەتەر و سعودیە و کۆمەڵگەی رۆژئاوا دژ بە ئەسەد دەوەستنەوە و فشاری لەسەر دروست دەکەن بۆ ئەوەی دەست لە کاربکێشێتەوە، دوای ئەمانە هەڵکشانێکمان بینی هەر لە فشاری دیپلۆماسیەوە بۆ فشاری ئابووری بۆ ئەوەی بارێکی وا بێتە پێشەوە ئەسەد لەدەسەڵات نەمێنێت، بەڵام ئەمەش کاردانەوەی لێکەوتەوە و روسیا و ئێران پشتیوانی ئابووریان کرد و لەڕووی داراییەوە هاوکاری—ئەسەدیان-کرد، ئێستاش بارودۆخەکە تەواو هەڵکشاوە و وڵاتانی کەنداو کار دەکەن بۆ ناردنی چەك بۆ شۆڕشگێڕان و هەروەها فەڕەنسا باس لە ناردنی چەك دەکات بۆ ئۆپۆزسیۆن و بە دڵنیاییەوە ئەمەش وا دەکات لایەنی دیکە چەك بۆ رژێمی ئەسەد بنێرن. کەواتە ئەم رەوشە بارودۆخەکە بەرەو ترسناکتر دەبات، لەبەر ئەوەی کاتێك هەردوو بەرەکەی کۆمەڵگەی

ئەدریە لاورانس بۆ گوڵان:

# جەمسەربەندی لە قەیرانی سوریادا جیهانی خستۆتە بەردەم بژاردەی خراپ



**پرۆفیسۆر ئەدریە لاورانس ئوستادی زانستی سیاسەتە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تایبەتمەند لەسەر تەنگژە و کۆکردنەوەی هەوڵەکان بۆ چارەسەری تەنگژەکان و کێشە نەتەوەییەکان و هەروەها پسپۆرە لەبواری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای سوریا پەیوەندیمان بە خاتوو ئەدریە لاورانس کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە:**

((بەهۆی دابەشبوونی هێزە نێودەوڵەتیەکان بەسەر هەردوو لایەنی رژێمی ئەسەد و گەلی سوریادا، واتە رادەی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ هەردوولا وایکردووە سەخت بێت بۆ هەر لایەنێك کە لەبەرژەوەندی لایەنێك دەستێوەردان بکات بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕەکە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئەوەندە درێژەی کێشاوە. من هاوسۆزم لەگەڵ گەلی سوریادا، بەڵام ئایا ئەوان قوربانی ئەوەن کە دەستێوەردان نەکراوە. کێشەکە ئەوەیە من تەواو دڵنیانیم لەوەی کە کارێکی تەواو یارمەتیدەر دەبو بۆ گەلی سوریا ئەگەر رۆژئاوا توانای دەستێوەردانی هەبوایە....ئەگەر بتەوێت ئەوە بزانیت ئایا هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یان هەڵوێستی یاریزانەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێتەهۆی ئەوەی قەیرانەکە ئاڵۆزتر بێت بۆ گەلی سوریا، ئەوا زەحمەتە ئەمە یەکلابکەیتەوە. چونکە سیناریۆی بەدیل دەستێوەردانی ئەمریکا بوو لە بەرژەوەندی شۆڕشگێڕانی سوریا، بەڵام دەبێت بیرمان لە ئاکامە درێژخایەنەکانی ئەو کارە بکردایەتەوە، چونکە کاتێك ئەمریکا دەستێوەردان لە وڵاتێکدا دەکات، ئەوا بە زۆری سەرناکێشێت بۆ چارەسەرێکی خێرا، بەڵکو دەبێتە مایەی خوێنڕێژی زیاتر، هەربۆیە لە بارودۆخی سوریادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەسەڵاتێکی سنورداری هەیە لە کاریگەربوون بەسەر ئاکامەکانیانەوە. ئەگەر رژێمی سوریا سەرکەوتوو بێت، ئەوا دابەشبوونی شیعە و سوننە لە ناوچەکەدا خراپتر دەکات، چونکە رژێمی سوریا پتر پشتیوانی شیعە دەکات، ئەگەر شۆڕشگێڕان سەرکەوتوو بن، ئەوا پرسیارێکی کراوە دێتەئاراوە لەبارەی سەقامگیری و هەڵوێستی ئەو کەسانەی دەسەڵات دەگرنەدەست. کەواتە نیگەرانی هەیە لەوەی هەر لایەنێك بتوانن کاریگەر بن بەسەر دەرئەنجامەکانەوە، کار بە ئاڕاستەیەکی باشتردا بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بە گومانم لەوەی بوونی ئیسلامیەکان لە حاڵەتی سەرکەوتنی شۆڕشگێڕاندا بە پێویست کارێك بێت دژ بە بەرژەوەندی رۆژئاوا بێت.

## چارەسەر بکرێت

هەڵوێستێکی زۆر بە حەزەریش لەناو کۆشکی سپیدا هەیە، هەروەها ئەگەر لە بڕیاری یەکێتی ئەوروپا بڕوانین، ئەوا ئەمە بڕیاری هەڵگرتنی گەمارۆ نەبوو، لەبەر ئەوەی هەر یەك لە فەڕەنسا و بەریتانیا بژاردەی ئەوەیان هەبوو بۆ ناردنی چەك بۆ موعارەزە، ئەوەی پەیوەندی بە موشەکە روسیەکانەوە هەبێت، ئەوا ئەمە پێشتر بڕیاری لێدرابوو و ئەمەش ئاماژەیە بە ناڕازیبوون لە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان کاتێك راگەیەنرا کە ئەم سەفقەیە جێبەجێ دەکرێت. ئیسرائیلیش بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە بە مافی خۆی دەزانێت کاردانەوەی هەبێت کاتێك گۆڕانگاری لە هاوسەنگی ستراتیجی لە ناوچەکەدا رووبدات و کاتێك سیستمی نوێی چەك دێت و دەبێتە مایەی هەڕەشە و بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە هەوڵدەدات بۆ ئەوەی سیستمی موشەکەکان لەکاربخرێن و تا ئێستاش ئەوەی پیشانداوە کە ئامادەی هێرشکردنە لەناو سوریادا کاتێك هەست دەکات هەڕەشەکان زیاد دەکەن لەسەری. لەبەر ئەوە ئەگەر دەڵێن پەرەسەندنێك هەیە بەرەو روودانی شەڕێکی ئیقلیمی، ئەوا رەنگە ئەمە لێکدانەوەیەکی وردە، چونکە ئیسرائیل تێوەگلاوە، سوریا تێوەگلاوە و تا رادەیەك ئێران تێوەگلاوە و روسیا و یەکێتی ئەوروپا لە دوو بەرەی جیاوازدان)).

## دەبێتە دەوڵەتێکی فاشیل

نێودەوڵەتی هەڵدەستن بە دابینکردنی چەك بۆ هەردوولا واتە خەڵکی دەتوانن یەکتر بکوژن، ئەمەش واتە ئامرازی کوشتن بە یەکتری دەدەن، بەڵام فاکتەرەکانی پشت قەیرانی سوریا لەوە ئاڵۆزترن کە دەیبینین، هەر بۆیە لەم ساتەوەختەدا، نە ئەگەری سەرکەوتنی ئەسەد و نە ئەگەری سەرکەوتنی شۆڕشگێڕان هەیە، بەڵکو ئەگەری ئەوە هەیە دەوڵەتێکی شکستخوارد و دابەشبوو بێتەئاراوە کە لە بەشێکیدا ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ رۆژئاوا و بۆ رۆژگارێکی دوورودرێژ مولگەی تیرۆریستان بێت، ئەمەش بە کۆتایی هێنان بە شەڕەکە چارەسەر دەبێت، بەڵام تا ئێستا لایەنە ناوخۆییەکان و لایەنە دەرەکیەکان ئامادەنین گفتوگۆ بکەن بۆ کۆتایی هێنان بەو شەڕە.

# ئایا بەحرەین قەیرانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە؟

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی



لە کاتێکدا تەرکیزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر شەڕی خوێناوی ناوخۆی سوریا و سەرهەڵدانەوەی توندوتیژییە لە عێراقدا، ئەوا بۆتەیەکی دیکەی ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کەف و کوڵدایە. دوایین حاڵەت بریتییە لە بەحرەین، ئەو فاکتەرانەی سەردەکێشن بۆ سەرهەڵدانی گیروگرفت فاکتەرگەلێکن پێیان ئاشنایین. بەحرەین بەدەست حکومەتێکی گەندەڵ و ئۆتۆکراتەوە دەناڵێنێت، و بۆ چەندین ساڵە نارەزایی جەماوەری لە گەورەبوون و کەڵەکەبووندایە. ئەوەی مایەی بەدبەختیی زیاترە، دوژمنایەتیی توندی نێوان هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننەی سەر بە ئیسلامە، کە بە ڕاددەیەکی گەورە بوونەهۆی ئەوەی عێراق خراپترین ڕۆژگارەکانی شەڕ بەڕێبکات لە ساڵی ٢٠٠٦وە بۆ ٢٠٠٨، کە ئێستا فاکتەرێکی تەواو گرنگە لە بەحرەیندا. پاشا حەمەد بن عیسا ئال خەلیفە سەرکردایەتیی نوخبەیەکی سیاسی و ئابووری دەکات و حکومڕانی زۆرینەیەکی شیعە دەکات کە نارەزایەتییەکانیان ڕوو لە زیادبوونە. سعودیە پاڵپشتی دەرەکی سەرەکیی پاشای-بەحرەینە-، لە کاتێکدا ئێرانیش پشتیوانیی خۆی بۆ هاومەزهەبە شیعەکانی ناشارێتەوە.

خۆپیشاندانە تووڕەکان لە سەرەتای ٢٠١١دا بەرپابوون، ئەگەری زۆر لە ئارادابوو ببنەهۆی ڕووخاندنی پاشایەتی، ئەگەر سعودیە و هاوپەیمانەکانی کەنداو دەستێوەردانیان نەکردایە بە ٢٠٠٠ سەرباز لە مانگی ئازاردا. دوای ئەو دەستێوەردانە ئاستی توندوتیژی دابەزی، بەڵام هەرگیز کۆتایی نەهات. لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانەوە بەلای کەمەوە ٦٠ کەس ( لە وڵاتێکدا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ١,٢ ملیۆن کەس دەبێت)، گیانیان لەدەستداوە، و حکومەتیش زیاتر لە دوانزە سەرکردەی دیاری موعارەزەی زیندانیکردووە. بانگەشەیەکی بەربڵاو هەیە لەبارەی بوونی ئەشکەنجە و پێشێلکارییەکانی دیکەی مافەکانی مرۆڤەوە. دوایین قۆناغی تەنگوچەڵەمەکە لە ئەیلولی ٢٠١٢دا دەستی پێکرد، کاتێك دادگای

بەحرەین حوکمی ئیدانەکردنی ١٣ سەرکردەی موعارەزەی پەسەندکرد. لەو کاتەوە، ئاستی توندوتیژی زیادی کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی حکومەت مەرسومێکی دەرکرد بۆ قەدەغەکردنی خۆپیشاندانی ئاشتییانە. لە ٥ی تشرینی دووەمدا، پێنج بۆمب لە مەنامەی پایتەختدا تەقینەوە، کە دوو مەدەنی بێتاوانی کوشت. بەرپابوونی خۆپیشاندانی پڕ لە پشێوی لە سەرەتای بەهاری ٢٠١٣دا سەریکێشا بۆ ئەوەی مەزەندەی ئەوە بکرێت کە ئەو پێشبرکێی ئۆتۆمۆبێلەی – بڕیار بوو لەو وڵاتەدا بکرێت- هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەگەرچی ئەوە مایەی ئیحراجییەکی گەورە دەبوو بۆ ڕژێمەکە، بەڵام ڕووینەدا.

گرژییەکان لەم چەند هەفتەی دواییدا خراپتر بوون. لە ٢٥ی ئایاردا و وەك کاردانەوەیەك بۆ هێرشکردنی پۆلیس بۆ سەر ماڵی پیاوێکی ئایینی شیعەی دیار لە هەفتەی ڕابردوودا، بە هەزاران خۆپیشاندەر ڕژانە شەقامەکانی گوندی دیرازەوە، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای مەنامەوە. خۆپیشاندەران بەردیان گرتە پۆلیس نەهێشتنی ئاژاوە، کە بە گازی فرمێسکڕێژ و ڕژاندنی ئاو وەڵامیان دانەوە. هەروەها هێرشکردنەسەر ماڵی ئەم ئایەتوڵایەی هانی گروپی موعاڕەزەی سەرەکی، ئەلویفاقی دا، بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە بە شێوەیەکی کاتی لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە ئاشتەوایی لەگەڵ حکومەتدا بکشێتەوە. ئەم کشانەوەیە کاریگەرییەکی عەمەلی کەمی هەبوو، لەبەر ئەوەی گفتوگۆکان بەرەوپێشچوونێکی زۆر کەمیان بەخۆوە بینیبوو. موعارەزە پێداگیری لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی دەکاتەوە، لە نێویاندا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و دروستکردنی پەرلەمانێك کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی هەبێت، کە وڵاتەکە دەگۆڕێت بۆ پاشایەتییەکی دەستوری. پاشا و پشتیوانەکانی باش لەوە تێدەگەن کە ئەم گۆڕانکارییە بە مانای کۆتایی هێنانە بە باڵادەستیی سیاسیی سوننەکان، هیچ ئامادەییەکیان پیشان نەداوە بۆ دەستبەرداربوون لە دەسەڵاتەکەیان.

لە نێو جەرگەی هەڵکشانی بارگرژییە ناوخۆییەکاندا، حکومەتی بەحرەین فەرمانێکی دەرکرد و ئەوەی لە گرووپە سیاسییەکان قەدەغەکرد کە نابێت هیچ پەیوەندیەکیان لەگەڵ حزبوڵادا- کە ڕێکخراوێکی میلیشیایی شیعەیە لە لوبنان- هەبێت. چەند ڕۆژێك پێشتر، بەحرەین بانگەشەی ئەوەی کرد فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئێرانی ئاسمانی وڵاتەکەی پێشێلکردووە- ئەو تۆمەتەی تەهرانی بنبڕانە ڕەت کردەوە. سعودیە لێدوانی ئێرانی ڕەتکردەوە و هۆشدارییەکی توندی بە ئێران دا لە «خۆشکردنی ئاگرەکە» لە بەحرەیندا. ئەم ڕووداوە ئاماژەیە بەوەی چۆن بەحرەین بۆتە شانۆیەکی دیکە لە ململانێی شیعە و سوننە لە پێناوی دەستڕۆیشتوویان لە سەرتاسەری ناوچەکەدا.

بەحرەین بەرمیلێکی باروتە و بۆی هەیە لە هەر ساتێکیدا بتەقێتەوە. واشنتۆن نیگەرانە لە زیادبوونی ناسەقامگیری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام سەرکردەکانی ئەمەریکا، بە تایبەتی نیگەرانن لەوەی بەحرەینیش بگرێتەوە. ئەم وڵاتە بنکەی کەشتیگەلی پێنجەمی ئەمەریکایە کە کۆڵەکەی ئامادەیی دەریایی ئەو وڵاتەیە لەو بەشەی جیهاندا. دەرئەنجامەکەش ئەوەیە، لە کاتێکدا بەرپرسانی ئیدارەی ئۆباما هانی پاشایەتی و موعارەزەیان داوە بۆ ئەوەی دەست بە گفتوگۆبکەن بۆ گەیشتن بە سازشێکی عەمەلی، سیاسەتی واشنتۆن ئەوەیە بە ئاشکرا بەلای حکومەتدا دەشکێنێتەوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی حکومەت تۆمارێکی خراپی لە بواری مافەکانی مرۆڤدا هەیە. ئەوەی پەردەی لەسەر ئەم مەسەلەیە لادا، ڕەخنەی ئیدارەی ئۆباما بوو لەبارەی دەستێوەردانی سەربازی بە سەرکردایەتی سعودیە، ئەم ڕەخنەیە ئەوەندە لاواز بوو کە بە دەگمەن هەستی پێدەکرا.

ئەمەریکا نیگەرانە لەوەی توانای گەیشتنی دەریایی بۆ بەحرەین لەدەست بدات و ئەو وڵاتە بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی بزووتنەوەیەکی سیاسییەوە کە گرێدرابێت بە ئێرانەوە. بەڵام هەردوو تێڕوانینەکە زۆر ڕاستن، لە کاتێکدا قەیرانی کەفوکوڵکردووی بەحرەین مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت بگاتە ترۆپکی خۆی.

---

*** تۆژەری باڵا و جێگری سەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامۆژگای کاتۆ و نووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و (گۆڤاری گوڵان).**

**خۆپیشاندانە تووڕەکان لە سەرەتای ٢٠١١دا بەرپابوون، و ئەگەری زۆر لە ئارادابوو بینەهۆی ڕووخاندنی پاشایەتی، ئەگەر سعودیە و هاوپەیمانەکانی کەنداو دەستێوەردانیان نەکردایە بە ٢٠٠٠ سەرباز لە مانگی ئازاردا**

**بەحرەین بەرمیلێکی بارووتە و بۆی هەیە لە هەر ساتێکیدا بتەقێتەوە. واشنتۆن نیگەرانە لە زیادبوونی ناسەقامگیری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام سەرکردەکانی ئەمەریکا، بە تایبەتی نیگەرانن لەوەی بەحرەینیش بگرێتەوە**

# تورکیا.. گەڕان بە دوای دیموکراسییەکی تازەدا پەیامەکانی مەیدانی تەقسیم

دۆغو ئەرگیل*
تایبەت بە گوڵان ئامادەی کردووە



دیموکراسی سیستمێکی سیاسییە کە پێویستە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە جووڵەکانی ڕێکبخرێنەوە. کاتێك لە وڵاتێکی دیموکراسی لە ڕۆحی سەردەمەکە( ستاندارده نێودەوڵەتییەکان) دەردەچێت، ئەوا شکست دەهێنێت، لەوەی کاتی گونجاو بۆ کاری گونجاو بدۆزێتەوە. ئەوە ڕوونە کە دیموکراسییەتی تورکیا پێویستی بە ڕێکخستنەوەی هەنگاوەکانێتی بە شێوەیەکی باش. ئەم داواکارییە دوو هەفتە پێش ئێستا لەلایەن ئەو خەڵکەوە گەیەنرا کە ئێستا لە مەیدانی تەقسیم کۆبوونەتەوە.

ئەو دەستە سیاسییەی خۆپیشاندەرانی تەقسیمی لێ پێکدێت زۆربەیان هاوڵاتی ئاساییین، کە لە هەموو چین و توێژەکانەوە هاتبوون، بە تایبەتی گەنجانی شارەکان و گەنجە پیشەوەرەکان، پشتئەستور بەو هۆشیارییەی کە ئەوان وەك هاووڵاتیەك خاوەنی کۆمەڵێك مافن کە قابیلی دەستکاریکردن نین و خەڵات و بەخششی حکومەتیش نین. ئەوان بەرپرسێکی فەرمی لەسەرووی خۆیانەوە قبوڵ ناکەن. ئامرازی پەیوەندیکردنیان بریتیە لە ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی (Social Media) کە قەرەبووی نەبوونی ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی- سیاسیان بۆ دەکاتەوە.

لە سەرەتادا ناسیستماتیك بوون و ئامانجی هاوبەشیان نەبوو. ئەو لوتبەرزیی و فیزەی حکومەت کە وا دەرکەوت لە بەرژەوەندیی چاوچنۆکیی ئەو گەشەپێدەرانەدایە کە دەیانەوێت هەمو پانتاییەکی سەوزایی بگۆڕن بۆ کۆمەڵێك باڵەخانەی بەرز و چەند مۆڵێك، یەکەم ئامانجی نارەزاییەتیەکە بوون. مامەڵەی توندی پۆلیس و دیمەنی مامەڵەی ڕەقی دەسەڵاتە فەرمییەکان لەگەڵ خۆپیشاندەرە ئاشتیخوازەکان لەسەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێت، نەك تەنها پتر یەکگرتووی کردن، بەڵکو پێگەشی گەورەترکردن. ئەوانەی دواتر چوونە نێویانەوە گرووپە پەراوێزکراوەکان بوون کە مەیلی کاردانەوەی توندوتیژانەی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەك ئەوەی پێویست بوو زۆرینەی ئاشتیخوازی- نێو خۆپیشاندەرەکان- ڕەتیان کردنەوە و پەراوێزیان کردن.

دەگوترێت هۆکاری سەرەکیی کۆکردنەوەی ئەم گرووپە جیاوازانە کە پێشتر تەحەممولی یەکتریان نەدەکرد، تێڕوانینی لوتبەرزیی حکومەت بوو، کە باوەڕی وابوو مۆڵەتێکی هەیە بۆ حکومڕانی کە سنور ناناسێت و ناکەوێتە ژێر بەرپرسیارێتییەوە. گەنجانی ئەمڕۆی تورکیا نایانەوێت بترسێنرێن بۆ ملکەچکردن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی فەرمی پێی دەگوترێت ڕەفتاری «گونجاو» و ڕێسا ئێتیکییەکان. ئەوان باوەڕیان بە هەمەڕەنگی و بە پێکەوەژیانی جیاوازییەکان هەیە. بەلای کەمەوە، ئەمە ئەو پەیامەیە کە لە تەقسیمەوە سەریهەڵدا.

**پاشخان**

لەسایەی حکومڕانی پارتی داد و گەشەپێداندا (ئاك پارتی)، تورکیا هەنگاوی گەورەی بەرەو گەشەکردنی ئابووری هەڵگرتووە. حاڵی حازر تورکیا حەڤدەمین گەورەترین ئابوورییە لە جیهاندا. تێکڕای داهاتی ناوخۆیی وڵاتەکە لە

ماوەی دەیەی ڕابردوودا سێ ئەوەندە زیادی کردو بوو بە سێ لەسەر چواری تریلیۆنێك دۆلار. لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە نزیکەی ١٠٠ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی دەرەکیی ڕاستەوخۆ هاتووەتە وڵاتەکەوە. لە ساڵی ٢٠١٢دا ئاستی هەناردەکردن بۆ ١٥٢ ملیار بەرزبۆوە و تا ئێستاش لە هەڵکشاندایە. واتە لە ماوەی ١٠ ساڵدا دە ئەوەندە زیادی کردووە. داهاتی تاکەکەس سێ ئەوەندە زیادی کرد هاوشان بە ئاستێکی ڕازیکار لە دامەزراندن لە هەر ساڵێکدا. لە ئێستادا تورکیا ئەندامێکی پێشەنگی گروپی ٢٠ە (G-20).

لەوەش زیاتر، زنجیرەیەك لە چاکسازیی یاسایی ئەنجامدران کە کۆتاییان بە دەستڕۆیشتوویی خنکێنەری سەربازی هێنا. بەشێکی گەورەی ئەو دەستورەی سوپا دایڕشتوە لە ڕێی دەستپێشخەریەکی پەرلەمانی و پاڵپشت بە ڕاپرسی جەماوەری هەموارکران.

هەرچۆنێك بێت، لە ساڵی ٢٠١١ەوە، ئاك پارتی هەستی بە دڵنیاییەکی زیاتر کرد کاتێك نیوەی دەنگەکانی بەدەستهێنا لە سێیەمین هەڵبژاردنی گشتیدا، و پتر خۆپەرستانە کاری کرد کە وەك ڕەفتارێکی خۆسەپێنەرانە لێکدەدرێتەوە. سیستمی جینائی تورکیا هەموارنەکرایەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بە سنووربەندییەکانی سەر ئازادیی ڕادەبڕین و ڕاگەیاندن بهێنرێت. یاسای دژە تیرۆری تورکیا زۆربەی کاردانەوە گشتییەکانی لە ئاست ڕێکارە ئیداری و ئەمنییەکانی وەك تیرۆریزم یان تاوانی ڕێکخراو لە قەڵەمدا. هەر زوو سوود لەم دۆخە وەرگیرا لەلایەن حکومەت بۆ ملکەچپێکردنی ئۆپۆزسیۆن.

پێداگیریی ئەم دواییەی ئاك پارتی لەسەر تەبەنی کردنی سیستمێکی سەرۆکایەتی کە نەکەوێتە ژێر باری لێپرسینەوە و لە سنووردا ڕانەگیرێت بە چەشنی سیستمی نامەرکەزیەتی ئیداری و جیاکردنەوەی دەسەڵات، خواستی هێنانەئارای سەرۆکایەتییەکی تەواو دەستڕۆیشتووی ئاشکراکرد کە دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەبێت.

تموحی ئەو بۆ بوون بە چەقی دەسەڵات لە خیتابەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە بۆ سەپاندنی شێوە ژیانێك کە بە ڕاددەیەکی زۆر سنووربەندکرا و موحافیزکار بێت بەسەر خەڵکانی شارنشینی هاوچەرخدا. زۆرێك لەو خەڵکانەی لە چینی سەرەوەی شەبەنگە کۆمەڵایەتییەکەن، بە تایبەتی گەنجان کە پتر لەگەڵ جیهانی هاوچەرخدا هاوئاوازن، زیاتر و زیاتر ناڕەحەت دەبن.

ڕەنگە سەرۆك وەزیرانی تورکیا پیاوی ئەرکەکە بێت. وەك کەسێکی موتتەقی ڕەنگە باوەڕی وابێت ئەرکی ئەو ئەرکێکی ئیلاهییە و لە ئاسمانەوە فەرمانی پێکراوە. بەڵام لە کۆتاییدا، ئەو خزمەتکاری خەڵکە و هەر بۆ ئەم مەبەستەش دەسەڵاتی گرتۆتەدەست. کەوتنە بەردەم بەرپرسیاربوون لە جیهانی دواتر و کارکردن بەو شێوەیەی ئارەزوی دەکەیت (یاخود بەو شێوەیەی ئەرکەکەی داوای لێدەکات) لەگەڵ دیموکراسیدا یەکناگرێتەوە، ئەو دیموکراسییەی سوێندی خواردوە لەسەر پاڵپشتیکردن و پەرەپێدانی. لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی تەقسیمدا کە تەشەنەی کردووە بۆ شارەکانی دیکەی تورکیا، ئەم ڕاستییەی بە بیر هێنرایەوە.

## سەقامگیری سیاسی لە مەترسیدایە

سەقامگیریی سیاسی بەوە دێتەدی حکومەت خواست و پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی گرووپە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان لەبەرچاو بگرێت. دیموکراسی سیستمێکە بۆ ئاشتەوایی. هاوسەنگییە هەستیارەکەی بەرگەی لایەنگیری ئایدۆلۆژی حکومەت و سەپاندنی شێوە ژیانێك بەسەر تێکڕای کۆمەڵگەدا ناگرێت.

ئەگەر ووردتر بڕوانین ئەوا پێدەچێت ئاك پارتی ڕوبەڕووی ئاکامەکانی سیاسەتی مۆدێرنیزەکردنی سەرکەوتووەکەی بێت کە گەشەی خێرایی ئابووری ئاسانکاری بۆ کرد. مۆدێرنیزەکردن، کە زۆر ئەزموون دەکرێت، کاریگەریی ناسەقامگیرکاری هەیە لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا. کۆمەڵگەیەك بە ڕەوتێکی خێرا بگۆڕێت و هەوڵبدات خۆی لەگەڵ پێداویستی و داواکارییە جیاوازەکانی پەیوەست بە فرەیی گرووپە کۆمەڵایەتی-کەلتوورییە بگونجێنێت، فشار لەسەر سەقامگیری سیاسی دروست دەکات. پێویستی گرتنەبەری ڕێگای نوێ و دەسەڵاتی دامەزراوەیی کە دروست دەبێت ناتوانێت بە هەمان ئەندازەی خێرای پێشبینیەکان هەنگاو بنێت. پەرچەکردارەکەش ناسەقامگیری دروست دەکات. بەڵام پشێوی و جێگۆڕکێ ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کە سیستم/حکومەتەکە بەرهەڵستی بکات یان شکست دەهێنێت لەوەی لە ئاستی پێشبینییەکاندا بێت یان ئەو پێداویستییانەی پربکاتەوە کە دێنەئاراوە.

ئەو ڕاستییەی کە داواکاریە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و ئەو فشارەی دروستی دەکەن بۆ بەرەوپێشبردنی سیستمە سیاسییەکە، پەردە لەسەر مرونەت و کارایی ئەم سیستمە لادەدات. لەبەرچاوگرتنی ئەوەی داواکاریە نوێیەکان لەلایەن کەسانێکی نوێیەوە بەرزکرانەوە، ئەوانەی توانای گوزارشتکردن، پەیوەندیکردن و ڕۆشنبیرییەکانیان توانایەکی بەرزە، پێدەچێت گۆڕانکاری دامەزراوەیی پێداویستیەکی بە پەلە و بونیادی بێت.

ناڕەزایی دژ بە حکومەتی ئاك پارتی کت و پڕ نەبوو. بەشداریی هەنگاو بە هەنگاو لە ڕووداوەکاندا سەریکێشا بۆ جەولەی کۆتایی. بەم دواییە حکومەت بڕیارێکی دەرکرد کە فرۆشتنی ئەلکهول و ڕەواجپێدانی سنووردار بکات، ئەویش لە کۆمەڵگەیەدا کە بە ڕێژەیەکی گەورە ئیستیهلاکی دەکات. ڕاستیەکە لە ئاراستەکەی دیکەدا: بە گوێرەی (Household Budget Surveys) کە سەر بە حکومەتە، تەنها لە سەدا ٦ی ئەو خێزانانەی پارە بۆ کڕینی ئەلکهول ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر بودجەکەیان. ئەوانەی دیکە یان مەشروبخۆری ئاسایی (social drinker) یان مەشروبخۆر نین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارەی حکومەت لەلایەن زۆر کەسەوە بە پێشێلکردنی ژیانی تایبەت لێکدرایەوە.

سەرنجە جار بە جارەکانی بەڕێز ئەردۆغان لەبارەی هونەر و کاری هونەرییەوە بە تەختکردن و ڕاماڵینی ئەو پەیکەری

**هۆکاری سەرەکیی کۆکردنەوەی ئەم گرووپە جیاوازانە کە پێشتر تەحەمولی یەکتریان نەدەکرد، تێڕوانینی لوتبەرزیی حکومەت بوو، کە باوەڕی وابوو مۆڵەتێکی هەیە بۆ حکومڕانی کە سنور ناناسێت و ناکەوێتە ژێر بەرپرسیارێتییەوە**

**ئەوەی پەیوەندی بە ئازادییە شەخسییەکان و مافەکانی مرۆڤەوە هەبێت، زۆرینەی خەڵک پشتیوانی دەستپێشخەرییەکەی ئاك پارتیان کرد بۆ گۆڕینی دەستوور بۆ ئەوەی پتر دەستوورێکی لیبراڵ دیموکراسی بێت**

**هەندێ کەس ئەو ئامۆژگاریەمان بیردەهێنێتەوە کە ئەردۆغان هەیبوو بۆ حوسنی موبارەک کە هیچ حکومەتێک ناتوانێت دژ بە ئیرادەی خەڵکەکەی بەردەوام بێت، ئێمە هەموومان دەڕۆین، و لەسەر ئەوە حوکممان لەسەر دەدرێت کە لە دوای خۆمان جێیدەهێڵین**

یادەوەرییە کۆتایی هات کە لە لە کارس دروستکراو بوو وەك نیشانەیەك بۆ دۆستایەتی تورکی- ئەرمەنی. پێداگیریی ئەو لەسەر دروستکردنی مزگەوت لە ناوچەگەلێکی هەستیاری ئەستەنبولدا بێ ئەوەی پەنابباتەبەر وەرگرتنی ڕەزامەندیی هاووڵاتیان و بە فەرامۆشکردنی پێکهاتەی ئەندازەیی شارە مێژووییەکە، وەك ڕۆچوونی سیاسەت بۆ ناو بواری کەلتوور سەیرکرا، هەروەها وەك بەرەنگاربوونەوەی کەلتوری مەدەنیش.

یەکێك لەو سیاسەتە کەمانەی حکومەتەکەی ئاك پارتی بە شێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن خەڵکەوە ڕەخنەی لێگیراوە، بریتییە لە پەیوەندیی نزیکی تورکیا لەگەڵ موعارەزەی سوریا کە ڕێگەی پێداون لە نێو تورکیادا خۆیان ڕێکبخەن و چالاکانە لە شەڕە ناوخۆییەکەدا یارمەتیان دراوە. ترسی تۆڵەسەندنەوە لەلایەن ڕژێمی دڵڕەقی سوریاوە لەگەڵ دوو تەقینەوە کاولکارییەکەدا بووە واقیع و ڕاستی. هێرشی ئۆتۆمۆبێلی بۆمبرێژکراو بۆ سەرە دەروازەی سنووری لە کلیڤەگۆزو، و تەقینەوەکەی ڕەیهانلی لە ١١ی ئایاردا کە ٥١ کەسی کوشت و ١٤٠ کەسی بریندار کرد، شەپۆلەکەی دژ بە حکومەت بەرزترکردەوە. زۆرینەی خەڵکی تورکیا دەیانەوێت وڵاتەکەیان خۆی لە شەڕی براکوژی سوریا بە دووربگرێت،سەرەڕای ئەوەی دەیانەوێت هاوکاری مرۆیی بەردەوام بێت.

هەروەها خەڵکی پێیان وایە پێکهاتەی تائیفی سوریا درێژدەبێتەوە بۆ ناو سنووری تورکیا و تێوەگلانی توند لە کاروباری سوریاوە ڕەنگە بڵیسەی ئاگرەکە لەو دیو سنوورەوە دابگیرسێنێت. باوەڕیان وایە ئێران و سوریا ئامادەن ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ لەم بوارەدا.

ئەوەی پەیوەندی بە ئازادییە شەخسییەکان و مافەکانی مرۆڤەوە هەبێت، زۆرینەی خەڵك پشتیوانی دەستپێشخەرییەکەی ئاك پارتیان کرد بۆ گۆڕینی دەستوور بۆ ئەوەی پتر دەستوورێکی لیبراڵ دیموکراسی بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێکیان کەوتنە ژێر سیحری ئەوەی ببینن گۆڕانکارییەکان سنوری شکاندنی دەسترۆیشتوویی بیرۆکراتی بەسەر ڕژێمەکە نەبڕێت و دامەزراوەکان و ڕەفتارەکان وەك خۆیان بمێننەوە. ئەم دامەزراوە و دەسەڵاتانە لە دەستی حکومەتی ئێستادان، ئەم ڕاستییەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئاك پارتی خوازیاری بەرهەڵستی کەمە و خوازیارە ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتییەکی کەم ببێتەوە. بەلای کەمەوە ئەمە بۆچوونی ئەو خەڵکانەیە کە پتر خوازیاری ئازادین ئەوانەی پتر تاکگەرایی دەنرخێنن وەك لەوەی بەشێك بن لە ڕێکخراوێکی سیاسی یان عەقائیدی.

بە پێی زۆرێك لە شیکەرەوە سیاسییەکان، گەشەی ئابووریی تورکیا زۆرێك لەم کێشانەی پەردەپۆشکرد. بەڵام لەگەڵ ئەم کاریگەرییە کەڵەکەبووانەی تێکڕای ڕووداوەکان، گەشەی ئابوری بەس نییە بۆ خاوکردنەوەی خەڵك. ڕێکاری توند- بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە- کە لەسەرەتادا بینرا لە کاتێکدا خۆپیشاندەرە ئاشتیخوازەکان لە مەیدانی تەقسیم و شوێنەکانی دیکە سەرکوت دەکران، وەك ستەمکاریی زیاتری حکومەت و ملکەچنەکردن بۆ بەرپرسیارێتی لێکدرایەوە.

ئەو ڕاستییەی کە تەواوی وڵاتەکە چاوەڕوانی هاتنەوەی سەرۆك وەزیرانیان لە سەفەرەکەی بۆ ئەفریقیای باشوور دەکرد ئاماژەیە بەوەی چۆن ڕژێمەکە بۆتە ڕژێمی تاکەکەسێك. ئەو تاکەکەسە کە بڕیاربدات ئایا کێشەی تەقسیم بە ئاشتەوایی کۆتایی دێت یان حکومەتەکەی (لەڕاستیدا بە تەنها ئەو) بڕیار لەبارەی چارەنووسی مەیدانەکەوە دەدات. یەکەمیان وەك مرونەت دیموکراسی و پێداگیری لەسەر وێرانکردنی پارکێك بۆ ئەوەی بنکەیەکی بازرگانی تێدا بکرێتەوە وەك سیاسەتێکی خۆسەپێن بەسەر ژیانی مەدەنی و ئیختیاری مەدەنی ئازاددا لێکدەدرێتەوە. ئەمە دەبێتە جیاوازیی نێوان ڕێگاچارەی ڕووبەڕوبوونەوە و ڕێگاچارەی میانڕەوی.

تۆنی قسەکردنی (لە کاتژمێر ٣:٠٠) بەڕێز ئەردۆغان لە ڕۆژی هەینیدا، ڕاستەوخۆ دوای گەڕانەوەی لە بەردەم ئاپۆرایەکدا کە هاواریان دەکرد «با بەڕێکەوین و تەقسیم تەخت بکەین» ئومێدێکی زۆری بۆ ئاشتەوایی و بەدەمەوەچوونی داواکاریی خەڵك نەهێشتەوە. کاتێك ئەو لە سەرەتادا خۆپیشاندەرانی بە تاڵانچی و گەڕۆك وەسفکرد. ئەو لەبەردەم خەڵکەکەشدا خیتابەکەی نەگۆڕی.

ڕەنگە سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوە ببێتە هۆی ئەوەی پارتەکە و سەرکردەکەی براوەبن لە هەڵبژاردنەکاندا، کە سێ هەڵبژاردنمان لە پێشە لە ساڵی داهاتوودا (شارەوانی، پەرلەمانی و سەرۆکایەتی)، بەڵام وڵاتەکە قازانج ناکات ئەگەر هەستی پاڵپشتیکردنی یەکتر لەدەستچوو. لە کاتێکدا- تورکیا- باشترین هەوڵی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ هێنانەئارای ئاشتی لە پێناو چارەسەرکردنی «کێشەی کورد» ئیتر بۆچی «کێشەی تورك» بخولقێنێت؟

هەندێ کەس ئەو ئامۆژگاریەمان بیردەهێنێتەوە کە ئەردۆغان هەیبوو بۆ حوسنی موبارەك لە ترۆپکی خۆپیشاندانەکانی مەیدانی تەحریردا: «هیچ حکومەتێك ناتوانێت دژ بە ئیرادەی خەڵکەکەی بەردەوام بێت، ئێمە هەموومان دەڕۆین، و لەسەر ئەوە حوکممان لەسەر دەدرێت کە لە دوای خۆمان جێیدەهێڵین». لە ڕاستیدا ئەمە دەبێتە میراتی بەڕێز ئەردۆغان: گرتنەبەری شێوازێك لە سیاسەتدا کە مەیلداربێت بە ئازادی و گوێ بۆ دەنگی خەڵك ڕادێرێت بە پێکهاتە جیاوازەکانیانەوە.

ئەگەر بە ڕاستی حکومەتی ئاك پارتی تێڕوانینێك تەبەنی بکات کە مەیلدار بێت بۆ ئازادی لەبری ئەوەی شێوازێك بگرێتەبەر کە ئەمنیەت بکاتە ئەولەویەتی کە دەوڵەت بەهێز دەکات لەبری ئەوەی خەڵك بەهێز بکات، ئەوا هیچ هۆکارێك نییە بۆچی تورکیا نەبێتە وڵاتێکی نموونە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ناوچەیەکی لەرزۆك و پڕ لە ناکۆکییە و وڵاتێکە ئەگەری ئەوەی لێبکرێت کە پاڵێوراوبێت بۆبوونە ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپادا.

---

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

# ململانێی دەسەڵات و ژینگە لە مەیدانی تەقسیم



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەگەرچی رووداوەکانی جیزی پارکی مەیدانی تەقسیم لە ئیستانبول بۆ ناوزڕاندنی حکومەتی ئەردۆغان بەکار هێنراون و هەندێ لایەن لەناو وڵات لەهەوڵی ئەوەدان کە خۆپیشاندانەکان وەك سەرەتای «بەهارێکی تورکی» نمایش بکەن، بەڵام ئەمە بەم مانایە نییە کە حکومەت بێ گوناهە و هیچ کەموکوڕییەکی نییە. گەورەترین هەڵەی حکومەت ئەوەیە کە بەبێ گوێدانە رای گشتی، پلان بۆ پرۆژەکانی دادەنێ و ئەوەندەی کەبایەخ بە بەرژەوەندییە مەودا دوورەکان دەدا، ئەوەندە بایەخ بەبەرژەوەندییە مەودا کورتەکانی توێژە زیانلێکەوتووەکان نادا. ئەمەش زۆرتر لە نموونەی گەڕەکی تارلباسیی ئیستانبولدا دەردەکەوێ. بەشێکی زۆری ئەم گەڕەکە کە زۆربەیان کوردن، لەساڵی ٢٠٠٨ پاش قەرەبووکردنەوەی دانیشتووانەکەی، رووخێنراو گەڕەکێکی قەشەنگ و پێشکەوتووی لێ دروست کرا کە رەنگێکی تازەتر و جوانتری بە ئیستانبول بەخشی. بەڵام ئەگەر دانیشتوانی گەڕەکەکە بەدڵخوازی خۆیان بووایە، کەسیان حەزی نەدەکرد لەو گەڕەکە هەڵکەنرێ، بەتایبەتی کەدانیشتووانی گەڕەکەکە لەو بڕوایەدابوون کە شارەکەیان جارێ پێویستی بە گەڕەکی پێشکەوتوتر نییە. تا رادەیەکیش لە سووربوونی حکومەت لەسەر رووخاندنی گەڕەکە کۆنەکەیان خانەگومان بوون، بەڵام دواتر ئەم خانەگومانییە رەوییەوە کاتێك زانییان ئەو کۆمپانیایەی گرێبەستی دروستکردنی گەڕەکە تازەکەی بۆ دەرچووە، خاوەنەکەی زاوای ئەردوغانە.

کێشەی حکومەت لەگەڵ زۆر لایەن، لەوانە لەگەڵ گرووپە پارێزەرەکانی ژینگە، لەوە دایە کەحکومەت سەرقاڵی ئەنجامدانی هەندێ پرۆژەیە کە مەبەستی سەرەکی لێی دەرخستنی گەورەیی تورکیایە، لەوانە پرۆژەی دروستکردنی سێیەم فڕۆکەخانەی ئیستانبول. لەڕاستیدا ئیستانبول کێشەی فڕۆکەخانەی نییە و فڕۆکەخانەکانی ئەمڕۆ هەموو پێداویستییەکانی دابین دەکەن، بەڵام حکومەت سوورە لەسەر دروستکردنی فڕۆکەخانەیەکی تر کە خەرجییەکەی دەگاتە ٢٩ ملیار دۆلار و دەتوانێ لەساڵێکدا خزمەتی سەد ملیۆن کەس بکات. خەرجیی دروستکردنی ئەم فڕۆکەخانەیە نزیکە لەبودجەی دوو ساڵی هەرێمی کوردستان. ئەوەش کە دەیسەلمێنێ حکومەت تەنیا بۆ خۆدەرخستن خەریکی دروستکردنی فڕۆکەخانەکەیە ئەوەیە کە ئەردۆغان لەوتارەکەیدا لەواشنتن لەمانگی رابردوودا شانازیی بەوەوە کرد کە ئەم فڕۆکەخانەیە دەبێتە گەورەترین فڕۆکەخانە لەجیهانداو بەهەمان شێوە لەئەنیستیتۆی برۆکنگز بەوپەڕی متمانەوە وتی «تورکیا باسی جیهان ناکا، جیهان باسی تورکیا دەکا».

دروستکردنی پردی سێیەمی سەر تەنگەی بۆسفۆریش هەمان چیرۆکی هەیە. ژینگەپارێزان پێیانوایە پرۆژەکە پانتاییەکی گەورەی سەوزایی شار لەناو دەباو دەبێتە هۆی بڕینی زیاتر لەدوو ملیۆن درەخت. خودی ئەردۆغان لەسەرەتادا دژی پرۆژەکە بووەو بڕینی ئەم هەموو درەختەی بە «تاوان» داناوە، کەچی ئێستا حکومەت سەرقاڵی نەخشەدانانە بۆ دروستکردنی پردەکە. ناوی پردەکە خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی تری دروستکردووە، چونکە حکومەت بڕیاریداوە پردەکە ناو بنێ پردی سەلیم یاوز کە لەسەدەی شانزەهەمدا لەشەڕی چاڵدێراندا شا ئیسماعیلی سەفەویی ئێرانی بەزاندووەو دەستی بەقڕکردنی شیعەو عەلەوییەکانی کوردستانی باکوور و ئەناتۆلیاو سوریا کردووە. ئەوانەی کە دژی هەڵبژاردنی ئەم ناوەن، نایانەوێ سوڵتان سەلیم وەك پاڵەوانێکی مێژوویی بناسرێ و پێیانوایە شکۆدارکردنی سوڵتانێك کە دەستی سوورە بەخوێنی بەشێکی گرنگی دانیشتوانی تورکیا کە عەلەوییەکانن، رەنگە کاریگەریی خراپ لەسەر یەکڕیزیی نیشتمانی بەجێ بێڵێ.

جیزی پارك رووبەرێکی گەورەی لە ئیستانبول داگیر نەکردووە، بەڵام پارێزەرانی ژینگە ئەم پانتاییە سەوزە بچووکە، بەمۆل و سوپەر مارکێت و شەقامی قیرتاو ناگۆڕنەوە. دوو تێڕوانینی جیاواز. حکومەت کە سەرقاڵی زیادکردنی داهات و دابینکردنی بەرژەوەندیی ماددییەو پارێزەرانی ژینگە کە هێشتنەوەی سەوزایی بەئامانجێکی پیرۆز دادەنێن، رووبەڕووی یەکتری بوونەتەوەو نەگەیشتوون بە رێوشوێنێك بۆ ئاشتبوونەوەی دەسەڵات و ژینگە.

# ڕاسپاردەکانی هۆشیاری و پەروەردەیی ژینگەیی



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

یەکەمین کۆنفرانسی ژینگەیی کە بەچاودێری بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، لەلایەن دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستانەوە ڕێکخرابوو، بەکۆمەڵێك ڕاسپاردەی گرنگەوە کۆتایی بەکۆنفرانسە دوو ڕۆژییەکەی هێنا لە پێنج بواردا، ئەم خاڵانەی لای خوارەوەش گرنگترین ڕاسپاردەکانی بواری هۆشیاریی و پەروەردەی ژینگەیی بوون:

١. پەروەردەی ژینگەیی لە ناوەندکانی خوێندن و خوێندنی باڵادا بخوێنرێت.

٢. تۆڕێکی ژینگەیی سەرتاسەری بۆ ڕێکخراوەکان دابمەرزێت و کار بکات بە پلانێکی ستراتیژی.

٣. دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە کار لەسەر ئەوە بکات داهاتی سزادان (غرامە) بخرێتە سندوقی پاراستنی ژینگەوە.

٤. داواکردن لە خوێندنی باڵا بۆ زیاترکردنی ژمارەی ماستەرنامە و دکتۆرانامە لە بواری ژینگەدا.

٥. کارکردن لەسەر تەرخانکردنی بڕێك لە بودجەی نووسینگەی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGO)کان بۆ ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزیی.

١. کارکردن بە بڕگە و ماددەکانی تایبەت بە غەرامەکردن لە چوارچێوەی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨).

٢. کردنەوەی کەناڵێکی تایبەت بە ژینگە لەلایەن دەستەوە. یان بەرنامەی ژینگەیی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە.

٣. دروستکردنی تۆڕێکی میدیایی ژینگەیی بۆ ڕێکخراوەکان بۆ ئەوەی ببێتە پردی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوەکان و دەستە.

٤. گرنگیدان بە ڕێکخراوەکانی ژینگەپارێزیی.

٥. کردنەوەی زیاتری یانەی ژینگەیی لە قوتابخانەکاندا.

٦. ڕێکخستنی کەمپینی ژینگەیی بۆ یارمەتیدان و بیرخستنەوەی حکومەت بە کێشەکانی ژینگە.

٧. کارکردنی ڕێکخراوە ژینگەییەکان لەسەر هۆشیارکردنەوەی زیاتری ئەندامەکانی خۆیان لە پێشدا.

٨. هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بۆ بەخشینی بەشێك لە یارمەتییە داراییەکانیان بە ڕێکخراوە ژینگەییەکان.

٩. بردنە دەرەوەی کۆڕ و سیمیناری ژینگەیی لە شارەوە بۆ دەرەوەی شارەکان بۆ نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

١٠. داهێنانی پێشبڕکێی ژینگەیی لە نێوان قوتابخانەکاندا.

١١. ڕێکخراوە ژینگەییکان باشتر چاودێریی کارەکانی کەرتی گشتیی و تایبەت بکەن.

١٢. تەرخانکردنی بەشێك لە چالاکییەکانی ساڵیادو بۆنەی حزبەکان بۆ هۆشیاریی ژینگەیی.


١٣. دەست پێکردن بە پرۆسەی پەروەردەی ژینگەیی لە باخچەی ساوایانەوە.

١٤. تەرخانکردنی کاتێك لە کۆبوونەوەی هەفتانەی پێنج

شەممەی قوتابخانەکاندا بۆ هۆشیاری ژینگەیی.
١٥. هەوڵدان بۆ بەخۆماڵیکردنی ئەزموونە جیهانییەکان لە بواری هۆشیاریی ژینگەییدا.
١٦. هاندانی کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ ئامادەکردن و پێشکەشکردنی زیاتری بەرنامە ژینگەییەکان.
١٧. تێکەڵ بوونی زیاتری رێکخراوە ژینگەییەکان لەگەڵ چین توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا.
١٨. هەوڵدان بۆ دروستکردنی سەنتەرێکی ژینگەیی لە زانکۆکان بە هەماهەنگی لەنێوان دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەو وەزارەتی خوێندنی باڵادا.
١٩. گەیاندن و خستنەڕووی زیاتری مەترسییە ژینگەییەکان بە ئاستە باڵاکانی ناوەندی بڕیاری سیاسیی بۆ زیاتر ئاگاداربوونیان بەگرنگیی و بایەخی پاراستن و چاککردنی ژینگە.
٢٠. هەمووارکردنەوەی ئەو مادده و بڕگانە لە یاسای ژمارە (٨)ی (٢٠٠٨) بەمەبەستی توکمەکردن و گشتگیرکردنیان بۆ زیاتر چەسپاندنی هۆشیاری ژینگەیی.
٢١. بایەخدانی زیاتر بە هونەری فۆتۆگرافی و ڤیدیۆیی لە بواری ژینگەپارێزیی و بایەخدان بە ژینگە.
٢٢. بایەخدان بە دەستخستنی زانیاری ژینگەیی و داتابەیس لە بواری ژینگەپارێزیدا.
٢٣. پەیوەندی کردن بە نووسەران و شارەزایانی بواری ژینگەیی بۆ نووسین لە بواری ژینگەدا.
٢٤. بە چاپگەیاندنی زیاتری کتێب و نامیلکەی منداڵان لە بواری ژینگەپارێزیدا.
٢٥. سوود وەرگرتنی زیاتر لەمامۆستایانی زانکۆ و کەسانی پسپۆر لە بواری کاری ژینگەییدا.
٢٦. پێکهێنانی تۆڕی سپۆنسەر بۆ چالاکییەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لەبواری هۆشیاریی ژینگەییدا.
٢٧. بایەخدان بە تەرخانکردنی توانای دارایی بۆ ژینگە هۆشیاریی لە گشت ناوەندەکانی کاردا.
٢٨. ئەنجامدانی خولی بەردەوامی راهێنان بۆ چالاکوانانی ژینگەپارێزیی.
٢٩. هەوڵدان بۆ دابینکردنی سەرچاوەی زانستی لە بواری ژینگەدا بە زمانی کوردی.
٣٠. پەیڕەوکردنی سیستەمی خەڵاتکردن بۆ منداڵان لە بواری ژینگەپارێزیدا وەك خەڵاتکردنیان لەگێڕانەوەی مادده بەکارهاتووەکان.
٣١. هەوڵدان بۆ زیاتر کاراکردنی پرۆژەی یانەی ژینگەیی لە ڕووی دابینکردنی کادری پسپۆر و بودجە و شوێن و کاتەوە.
٣٢. بیرخستنەوەی ناوەندەکانی بڕیار بۆ بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی وزەی خاوێن و نوێبووەکانی وەك تیشکی خۆر، ئاو، با، گەرما.
٣٣. پێدانی رێنمایی ژینگەیی بە گەشتیارانی بیانی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ باشتر پاراستنی ژینگە.
٣٤. هاریکاری لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی بۆ تێهەڵکێشکردنی بابەتی ژینگەپارێزیی لەگەڵ وتارەکانی رۆژانی هەینیدا.
٣٥. پێدانی کورسی تایبەت بە فەرمانبەرانی دەستەی پاراستنی ژینگە لە بەشی ژینگەی سەر بەکۆلێژەکان.
٣٦. کردنەوەی خولی راهێنانی راگەیاندنی ژینگەیی بۆ کادیرانی دەزگاکانی راگەیاندن.
٣٧. نوێکردنەوەو کاراترکردنی سایتی ئەلکترۆنی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.
٣٨. هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی دیاردەی فڕێدانی شتوومەك لە ئۆتۆمبێلەکانەوە لەرێگەی هەڵمەتی زیاتری هۆشیارییەوە.
٣٩. پێویستیی هەبوونی هێڵێکی گەرم بۆ پەیوەندیکردنی خێرا لە نێوان دەستە و هاووڵاتییان بەبێ بەرامبەر.
٤٠. بیرکردنەوەی ژینگەدۆستان لەبیرۆکەی دامەزراندنی پارتێکی ژینگەیی.



# میدیای کوردی: مینبەرێکی پۆپۆلیستی یان بکەرێکی چالاک لە گەمەی دیموکراسیدا!؟



بەهات حەسیب قەرەداخی

خەڵکی ئەم هەرێمە بەهۆی جیا جیا و بە مۆتیڤی جیا جیا و لەئاست و پلەی جیاجیادا، لە بارودۆخی ژیانی رۆژانەیان «تووڕەن» ناڕازین، هەندێکشیان نائومێدن.. درێژخایەنیی ئەو تووڕەییە و نەدیتنی تروسکایی لەوپەڕی تونێلەکەوە، جۆرە «قینێکی پەنهانی» لا خوڵقاندوون کە ئەویش بۆخۆی جارێکیتر دەبێتەوە بە فیدەر- نانپێدەری، تووڕەیی و بێزاری و ناڕەزاییەکانی خەڵك. بە کارلێکی دایلەکتیکیانەی نێوان (قین وتووڕەیی - ئەو دوو هەستە لەکۆنترۆڵ دەرچووەی تاکەکانی بەشێکی فراوانی خەڵکی هەرێم) بازنەیەکی داخراوی مەترسیدار دروستبووە و رۆژانە تووڕەیی، قین و، قینیش تووڕەیی بەرهەم دێنێتەوە. لەرەوشێکی سایکۆ - سۆسیۆلۆژیی وەها کرژ و بێ متمانەییدا، بەشێك لە میدیای (ئەهلی) هاتووە و بەوپەڕی بڕوابەخۆبوونەوە، تا رادەی (نەرگسیەت) خۆی وەك دەمڕاس و چاوساغ و مینبەری ئازادی ئەو خەڵکە تووڕەیە خستۆتەڕوو، زۆرچالاکانە ئەم هەلەی قۆستۆتەوە. هەموو تواناکانی خۆی لە گەڕان بەدووی هەواڵ و نیمچەهەواڵدا و لەنووسین وهۆنینەوەی راپۆرت و شکایەتدا، لە داڕشتنی وتاری هێرشبەر و شەڕکەردا، تەنانەت لە هەڵبژاردنی گۆشە و زوومی کامێرا و هەوڵی شەرمنۆکانەی فۆتۆجۆرنالیزمیشی چڕکردۆتەوە و خستوونیە خزمەتی هەرچی زیاتر و خێراتر گێڕانی ئاشی هاڕین و وردوخاشکردنی (ئارامی و سازاندنی شەخسی و کۆمەڵایەتی) ئەوەش لەڕێی بەردەوام هوروژاندنی هەست و سۆز و قین وتووڕەیی و بێ متمانەیی خوێنەر و گوێگر و بینەریەوە، لەڕێی قەبەکردن وفووتێکردنی هەموو ئەو رووداو و پێشهات و بابەتانەی کە بەشێوەیەك لەشێوەکان دەشێ ببنە خۆراك و سووتەمەنی بۆ ئەو ئاشە و هەرچی زیاتر توندکردنی بازنە داخراوەکەی (قین / تووڕەیی - تووڕەیی / قین).

ئەو پەرۆشییەی (ئاپۆرای وەرگران) دەینوێنن بۆ پێشوازیکردن لە هەموو ئەو پەیامە هوروژێن و قەبەکراوانەی لە دەزگایەکی میدیاوە ئاراستەیان دەکرێ، دەبێتە هاندەرێکی راستەقینە بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەو خەتە. واتا میدیا خەڵك دەهوروژێنێ و غەریزەو هەڵچوونە عاتیفیەکانیان تێردەکا و لەبەرامبەریشدا خەڵك و جەماوەری ئەو میدیایە بەو پەرۆشی دەربڕین و پێشوازییە گەرمەیان لەو جۆرە پەیامانە، هەم بازاڕی میدیاکە گەرم و گەرمتردەکەن و هەم تۆوی (وەهمی فریادڕەسییش) لە زەین و تێگەیشتنی خاوەن

و نووسەران و پەیامنێران و بەرپرسانی ئەو میدیایەدا دەچێنن!!

لەمیانەی گەمەیەکی سەیر و سەمەرەدا، میدیا و تاکی وەرگر لەڕێی ژەنینی تەلەکانی عاتیفەوە، یاری بە ئەقڵی یەکدی دەکەن و لە ژێر باری هەژموونی سیحری لەخۆرازیبووندا بەزمەکە لە گەمەیەکەوە دەگۆڕێ و دەبێتە (راستییەکی لینگەوقووچ و فاکتێکی ساختە) (حقیقة مقلوبة و واقع مزيف) واتا وەرگر دەکەوێتە ژێر هەژموونی ئەو هەستەوە کە گوایا، بەهۆی ئەو میدیایەوە «تەواوی راستتیەکانی بەدەس هێناوە و پەردەی لەرووی واقیعی ژیان و دەوروبەرەکەی لاداوە» ئەو هەستەیش مرۆڤ دەکاتە دیلی سیحری لەخۆرازیبوونێ کە (هۆشیارییەکی ساختە ـ وعی مزيف) بەدوای خۆیدا دێنێ! بە دیوەکەی تریشدا ئەوەندە نابا ئەو میدیاکارانەو دەزگاکانیشیان، بەگشتی خۆیان لێدەگۆڕێ و وادەزانن ئەوان (نێردراوی ئیلاهیین) و شیاوی هەڵەو تێکەوتن و رەخنەلێگرتن نین! وەهمێکیان لا دروست دەبێ، گوایا ئەوان فریادڕەسی میللەت و حەقیقەتن و لەو پێناوەشدا دەستدانە هەر کەرەسەو گرتنەبەری هەر ڕێگە و شێوازێك بۆ ئەوان و بۆ هێنانەدیی « ئامانجە باڵا و پیرۆزەکانیان!» ڕەوای حەقە و هیچ پاساو و سڵکردنەوەیەکی ناوێ! (الغاية تبرر الوسيلة) چونکە بەتێگەیشتنی خۆیان، هەموو راستییەکان لای ئەوانەو هەرچی لەدەرەوەی ئەوانەوە وتراوە و دەوترێ و کراوە و دەکرێ جێی گومانە و نابێ متمانەی پێبکرێ!

لە ژینگەیەکی لەوجۆرەدا لەبەرئەوەی پارێزبەندی (حەصانە) و مەناعەی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی زۆر لاوازدەبێ «ئەگەر نەڵێم هەر نامێنێ» و میدیا دەبێتە باشترین و لەبارترین ژینگە و گۆڕەپانی ململانێ بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو بەرژەوەندییە ناکۆك و دژانەی لە ناوچەکەو وڵاتەکە و کۆمەڵگەکەدا لە شکڵ و قاڵبی جیاوازدا خۆیان دەنوێنن و لەململانێدان بۆ سڕینەوە یان هەرهیچ نەبێ کاڵکردنەوە و رسواکردنی یەکتری... بۆیە هەرلایەك بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەپێی قورسایی خۆی و بەدەمامك و بەرگی هەمەجۆرەوە، لەژێر پەردەی جیاجیادا دەستی هاوکاریی ماددی و مەعنەوی بۆ ئەو جۆرە دەزگایانە درێژدەکەن. هەندێك بە پارە و هەندێك بە پێدانی زانیاری و سەرەمقەستی زانیاری! تا لەو ڕێیەوە بتوانن خۆیان لەسەنگەرێکی زۆر گرنگی گۆڕەپانی ململانێی بەرژەوەندییە سیاسی، فیکری، دارایی و هەواڵگرییەکاندا قایم بکەن، کە میدیایە!

ئەمە بارودۆخی میدیای سەربەخۆی کوردی بێ و ئەوەش دەرەنجامە ترسناکەکانی بەسیاسی بوونی، بگرە راستر وایە بڵێین بە پاشکۆ بوونی بۆ سیاسەت و سیاسییەکان بێ و تەنیا و تەنیا بۆ ئامانجی سیاسی و بە ئامراز و کەرەسەی سیاسی و بە ناوەڕۆك و شکڵی سیاسییەوە ئیش بکات، هەرگیزا و هەرگیز لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتییە مەزنەدا نییەو نابێ کە بتوانێ لەبریی دروستکردنی بوونەوەرە سیاسییە ئایدۆلۆژیستەکان، بوونەوەرە پڕ لە زانیاری و پڕ لە ئیحساس و ژیان دۆستە بەرهەمهێنەکان دروست بکات!

میدیاکاری لێهاتووی پیشەگەر، ئەکادیمیست، لەو راستیە تێدەگات کە سستمی دیموکراسی بەبێ میدیایەکی ئازاد و بەرپرس، خەون و خەیاڵێکی نەزۆکە و هەرگیز نایەتە دی. هەر لەو روانگەیەشەوەیە کە سیاسەتمەدار و دەوڵەتمەدارانی دڵسۆز و دیموکراتیش لەو راستییە حاڵین کە بەبێ چەسپاندن و سەلماندنی بنەماکانی دیموکراسی، ناکرێ باس لە بوونی میدیایەکی ئازاد و بەرپرس بکرێ..

لەو نێوەندەشدا ئەهلی فیکر و رۆشنگەران زۆر باش لەو راستییە تێدەگەن کە دیموکراسی و میدیای ئازاد تەواوکەری یەکترن و بێ یەکتر هەڵناکەن و بێ یەکتر بوونیان نییە! ئەگەر یەکێکیان جەستە بێ ئەویدیان ئۆکسجینە! ئەگەر یەکێکیان هەنگاو بێ ئەویدیان پەیژەیە! ئەگەر یەکێکیان ماسی بێ ئەویدیان ئاوە!

میدیاکاری کورد دەبێ ئەو راستیە بزانێ کە هەر وشەیەك، هەر وێنەیەك، هەر دەربڕینێکی ئەو و هاوکارەکانی، یان دەبێتە بەردێك لە چینە دیوارێکی تەلاری دیموکراسیدا، یان دەبێتە پێلەقە و پیکێ بۆ رووخاندنی چینێك لەو دیوارە!.

چەمکی ئازادی لە فەرهەنگی میدیاکاردا دەبێ زۆر فراوانتر و فرە رەهەندتر بێ لە چەمکی ئازادی بەلای کەسێکی ئاساییەوە. ئازادیی میدیاکار ئازادییەکی رەهاو شەخسی و ئارەزووخوازانە نییە، بەڵکو ئازادییەکی پڕ لە بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئینسانیە! ئازادییەکە ئەوەندەی دەبێتە مایەی بارگرانی و نیگەرانی و خەم و ئازار و شەونخوونی، یەك لەسەدی ئەوە نابێتە مایەی خۆ نواندن و خۆ بەرەوپێشەوە بردن و خۆ بەتاڵکردنەوە و یەکلاکردنەوەی کێشە شەخسی و ئایدیاییەکانی خۆی لەگەڵ ئەم و ئەو و ئەم لایەن و ئەو لایەن. بۆیە دەبێ

**رۆژنامەنووس هەرگیزاو هەرگیز نابێ رێ بەخۆی بدات، یان تەنانەت بیریش لەوە بکاتەوە، کە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بکاتە قوربانیی بەدەسهێنانی هەندێ دەسکەوتی سیاسی و دارایی هەرچەندێکیش زۆر و فرە بن**

زۆر بەهێمنی مامەڵە لەگەڵ ڕووداوو پێشهاتەکان بکا و هیچ پرس و کێشە و دیاردەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری. وەك پرسێکی شەخسی وەرنەگرێ، تا بتوانێ سەربەخۆیانە و بێ لایەنانە و بە ئەقڵیەتێکی دیموکراسیانەوە ڕوماڵی بکات و مامەڵەی لەتەکدا بکا.

کاتێ ئەو ڕاستیە مێژووییەمان سەلماند کە بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵ، پرۆسەیەکی سەخت و ئاڵۆزی مێژوویی بەردەوامە و سستمی دیموکراتیش، گیراوەیەکی ئامادەکراوی ناو دەرمانخانەکان نییە، بیکڕین و بە دوو قوم بیخۆینەوە و ئیتر بۆ تا هەتا سەرفراز بین! ئەوسا دەبێت میدیاکاری لێهاتوو بزانێ ڕۆڵی ئەو و هەرچی ئەو دەیکا و دەینووسێ و دەیڵێ، لەو پرۆسەیەدا چییە و دەبێ چۆن جێیان بۆ بکاتەوە.

ئەمە بەو مانایەی کە ڕۆژنامەنووس هەرگیز نابێ وا تێبگات بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵ و سستمی وڵات، بەتەنیا و تەنیا ئەرکی ئەوە و هیچ کەس و لایەن و هێزێکی کۆمەڵایەتیی تر ڕۆڵ و جێگەو پێگە و کاریگەریی لەم پرۆسێسەدا نییە! نابێ ئەو وەهمەی لا دروست ببێ کە تەنیا هەر ئەوە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی میللەت و وڵات و هیچ هێزێکی تر بۆی نییە قسەیەکی جیاواز لەقسەیدا بکا و ئەگەر کردیشی دەسبەجێ دەبێ تەکفیر و تەخوینی بکرێ!.

میدیاکاری ئازاد و بەرپرس تێدەگا ئەم کارە، کۆمەك و هاریکاریی هەمووانی گەرەکە و ناشێ هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینەی لێ دەربکرێتە دەر و سەنگەری لەبەرامبەر لێ بدرێ! نابێ کەسیش ئەو مافە ڕەهایە بەخۆی بدات کە گوایە هەموو ڕاستی و خێر و باشی و جوانیەکان لای ئەون و هەر ئەویش پارێزەریانە و ئەوانیتر ناڕاست و شەڕانی و ناشرین و دزێو و دوژمنن!

میدیاکاری ئازاد و بەرپرس لەوە تێدەگات کە پاراستنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لەهەموو بەها سیاسی و فیکرییەکانی تر بەبایەختر و لەپێشتر و پیرۆزترە و هێڵی سووری هەموو سستمە دیموکراسییەکانی دنیایە. ڕۆژنامەنووس هەرگیزاو هەرگیز نابێ ڕێ بەخۆی بدات، یان تەنانەت بیریش لەوە بکاتەوە، کە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بکاتە قوربانیی بەدەسهێنانی هەندێ دەسکەوتی سیاسی و داراییی هەرچەندێکیش زۆر و فرە بن. نابێ سەقامگیریی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و ژیرانەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە بکرێتە قوربانی بۆ گەیشتن بە مەرام و ئامانجێکی حزبی یان

**پێویستە خۆڕاگریی و پابەندبوونی میدیا و میدیاکاران بە یاساو ڕێساو بنەماکانی گەمەی دیموکراسی و پێکەوە هەڵکردنیان لە پاڵ سێ دەسەڵاتە هاوگەمەکەیدا، زۆر جێی بایەخ بێ و هەمیشە لەبەرچاو بێ و خۆی نەدا بەدەم چەشەی پۆپۆلیستی و بازاڕگەرمی و خۆ نواندنی بێ سەمەرەوە**

هێنانەدیی دروشمێکی سیاسی یان بەزۆر سەلماندنی ڕاستی و دروستیی تیۆری و ئایدیۆلۆژیای دەستە بژێرێکی ڕۆشنبیریی دیاریکراو.

میدیا ئەوکاتە دەتوانێ ببێتە فاکتەرو یاریزانێکی بەتواناو لێهاتوو، کە لەناو گۆڕەپانی یارییەکەدا هەڵسوڕێ نەك لەدەرەوەی. یاساو ڕێساکانی گەمەی دیموکراسی پەیڕەوبکا و پێیانەوە پابەند بێ نەك بەناوی ئازادییەوە ئەو بنەمایانە پێشێلبکا و سەرباری ئەوە پابەند نەبوونیشی پێیانەوە بە ئازایەتی و چاونەترسی و پاڵەوانێتی بۆخۆی ئەژمار و تۆمار بکا!

ئەگەر بڕیارە میدیا دەسەڵاتی چوارەم بێ، ئەوا دەبێ دان بە بوونی سێ دەسەڵاتەکەی تریشدا بنێ و پێکەوە، ژیرانە ڕێ و شوێنی عەمەلی و واقیعیانە بدۆزنەوە بۆ پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە بەرەو پێشبردنی کاروانی دیموکراسی. میدیا نابێ ڕێ بەخۆی بدات سنووری دەسەڵاتی هیچ کام لەو سێ دەسەڵاتەی تر ببەزێنێ بۆ ئەوەی بەهانە نەداتە دەستیان ئەوانیش سنووری ئەم ببەزێنن. هەڵبەتە ئەمەش کارێکی هەروا ئاسان و سانا نییە. بەڵکو زۆر سەخت و گرانە و تواناو هێز و خۆڕاگرییەکی زۆری گەرەکە بەتایبەتیش لە لایەن میدیاکاران و دەزگاکانی میدیاوە. لەبەر ئەوەی لە دەرەنجامی ئەم سەوداو مامەڵەیەدا تاکە دەسەڵاتێك لەو چوارە کە هیچی نییە بیدۆڕێنێ و دەستی لێهەڵگرێ، میدیایە. هەرسێ دەسەڵاتەکەی تریش هەر لە سەرەتاوە باش لەوە تێدەگەن کە لە درێژەی ئەم گەمەیەدا و لە دەرەنجامدا بازنە و مەودای دەسەڵاتەکانیان سنووردارتر دەبێ و تەنیا بازنە و مەودای دەسەڵاتەکانی میدیایە کە بەناچاری و ڕۆژ بەڕۆژ فراوانتر دەبێ! بۆیە پێویستە خۆڕاگریی و پابەندبوونی میدیا و میدیاکاران بە یاساو ڕێساو بنەماکانی گەمەی دیموکراسی و پێکەوە هەڵکردنیان لە پاڵ سێ دەسەڵاتە هاوگەمەکەیدا، زۆر جێی بایەخ بێ و هەمیشە لەبەرچاو بێ و خۆی نەدا بەدەم چەشەی پۆپۆلیستی و بازاڕگەرمی و خۆ نواندنی بێ سەمەرەوە.

جوزێف پۆلیتزەری گەورە ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی، لە ساڵی ١٩٠٤ دا نووسیوێتی و دەڵێ: (ڕۆژنامەوانییەك کە بەتەوس و بەدگومانێ لە فەزیلەتەکانی مرۆڤایەتی و بەکرێگیراو و فەوزەوی و ئاژاوەگێڕ بێ، بێ شك میللەتێکی هیچ و پوچی وەك خۆی بەرهەمدێنێ. بۆ لەمەو دواش، دەستەڵاتی دارشتنەوەی ئایندەی کۆماری ئەمریکا، وا لەدەس ڕۆژنامەنووسانی نەوەکانی دوارۆژدا!).




## عەدنان موفتی لە ئەکاونتی فەیسبوک:

# گوڵان بەئەمانەتەوە کاری ڕۆژنامەگەری ئەنجامداوە

پێش ئەوەی ئەم مشتومڕە سیاسییە لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێم بێتە ئاراوە، گۆڤاری گوڵان پەیوەندی بە بەڕێز عەدنان موفتی کرد وەك سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانی کوردستان بۆ قسەکردن لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، بەڵام لەبەر سەرقاڵی بەڕێزیان کاتی دیمانەکە دواکەوت، بۆیە دوای ئەم دیمانەیە و دەنگدانەوەی ئەم دیمانەیە لە میدیاکانی ناوخۆ و جیهان، بە تەلەفون دەستخۆشی لە ئەمانەتی کاری ڕۆژنامەگەری گوڵان کردبوو، هەروەها لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی دیسان سوپاسی ئەمانەتی ڕۆژنامەگەری گوڵانی کردووە، لە هەمانکاتدا هەفتەیەك دوای ئەم دیمانەیە دیمانەیەکی دیکەی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنە ئەنجامدابوو، بۆیە وا دەرکەوت کە جیاوازیەك لەنێوان دیمانەکەی گوڵان و ئاوێنە هەیە، بەڵام لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی ئەمەی ڕوونکردۆتەوە، بۆیە ئێمەش بە پێویستمان زانی هەم سوپاسی بەڕێزیان بکەین و کۆمێنتەکەی لە فەیسبووك وەك خۆی بڵاو بکەینەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

■

### عەدنان موفتی لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە فەیسبووک:

***بۆچوونەکانم لە هەردوو دیمانەی گوڵان و ئاوێنە یەك بۆچوونن ئەوەی جیاوازە تەنها مانشێتەکانن ((ئەم چاوپێکەوتنەم لە ژمارە ٩٣٠ گۆڤاری گوڵان کە لە ٢٠١٣/٥/٢٧ بڵاو بۆتەوە.. ڕاو بۆچوونی خۆمە سەبارەت بە دەستوور و ڕێکەوتنی ستراتیجی نێوان یەکێتی و پارتی. تکام لەو برادەرانەی بە هەندی دەزانن هەمووی بخوێننەوە، ئەوسا سەرنج و تێبینیەکانی خۆیان بنووسن، لەگەڵ ڕێزی تایبەتیم بۆهەمووتان)).***

■

دوای بڵاوبوونەوەی دیمانەکەی ئاوێنەش بەڕێزی ئەمەی نووسیووە:

***((ئەم چاوپێکەوتنە لەرۆژنامەی ئاوێنە لە ٢٠١٣/٦/٤ دا بڵاوکراوەتەوە، ئەو بەشەی بڵاوکراوەتەوە وەك خۆی بووە، پێشتریش لە گۆڤاری گوڵان چاوپێکەوتنێکی من بڵاوکرایەوە، کە منیش دووبارە لە فەیسبووك بڵاومکردەوە، زۆر لەو برادەرانەی کە تەنیا سەردێڕەکانیان خویندبۆوە پێیان وابوو کە جیاوازی لە بۆچوونەکانمدا هەیە، بەڵام تکام لەو هەڤاڵ و برادەرانە هەیە کە بە بایەخەوە ڕاو بۆچوونەکانم وەردەگرن هەردوو چاوپێکەوتنەکە بخوێننەوە، ئەگەر جیاوازی هەیە پێم بڵێن، جگە لە جیاوازی بەکارهێنانی وشە و مانشێتی ئەو دوو چاوپێکەوتنە، سوپاسی گۆڤاری گوڵان و ڕۆژنامەی ئاوێنە دەکەم کە بە ئەمانەتەوە بەکاری خۆیان هەستاون)).***

